گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة ڕابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
https://doi.org/10.26750/em67zv29

ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: 12/12/2024
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 26/02/2025
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: 29/12/2025

# ڕێگاكانی بەدیهێنانی سۆسیالیزم: هزری گۆرگی پلێخانۆڤ بەنمونە

جبار اسماعيل احمد[1] - محمد مصطفى احمد[2]
muhammad.ahmed@univsul.edu.iq - Jabar.esmael@univsul.edu.iq

١+٢ بەشی زانستە ڕامیارییەکان، کۆلێژی زانستە ڕامیارییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عیراق.

**پوختە:**

بەدیهێنانی سۆسیالیزم و چۆنیەتی ئەو بەدیهاتنە و ئامرازەکانی گەیشتن بەسۆسیالیزم، بەلای بیرمەندانی مارکسیزمی نوێی سەدەی بیستەمەوە جیاوازە. دیارترین دو ئاراستەی بەدیهێنانی سۆسیالیزم بریتین لە هەردو ڕێگەی شۆڕش و ڕیفۆرمی دیموکراتیانە. بیرمەندانی سۆسیالیزمی شۆڕشگێڕ جەخت لەسەر گۆڕانی خێرا و ڕادیکاڵ دەکەنەوە بۆ گەیشتن بە سۆسیالیزم، ئەویش بە بەکارهێنانی ئامرازی چەکداری و توندوتیژانەی شۆڕشگێڕی، بەڵام بیرمەندانی ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتی و سۆسیال دیموکراتی جەخت لەسەر ڕێگەی ئاشتیانە و دور لە توندوتیژی دەکەنەوە. بیرمەندانی سۆسیال دیموکرات دابەشدەبن بۆ دو ئاراستەی دیار، ئەوانیش ڕیڤزیۆنیزم(Revisionism) و دێتەرمینیزم(Determinism)ن. ئاراستەی ڕیڤزیۆنیزم جەخت لەسەر ڕیفۆرمی پەرلەمانی و بەکارهێنانی ئامرازی دیموکراسیانە و هەڵبژاردن دەکەنەوە بۆ بەدیهێنانی سۆسیالیزم، ئاراستەی دێتەرمینیستی جەخت لەسەر ڕۆڵی مێژو و ماتریالیزمی مێژویی مارکس دەکەنەوە بۆ گەیشتن بە سۆسیالیزم، کە بەپێی ئەم ئاراستەیە سۆسیالزم قۆناغێکی مێژویی حەتمییە و دوای هەرەسی سەرمایەداریی و وەرچەرخانی کۆمەڵگە ڕودەدات، دیارترین بیرمەندانی ئەم ئاراستەیە بریتین لە مارکسیستە ئەرسەدۆکسەکانی وەک کاوتسکی و پلێخانۆڤ. پلێخانۆڤ ڕابەری سۆسیالیزم لە سۆڤیەت جەخت لەسەر بەدیهێنانی سۆسیالیزم بەڕێگەی ئاشتی و دور لەشۆڕشی چەکداری دەکاتەوە، پێیوایە مێژو ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە دەستنیشانکردنی تاک و کۆمەڵەکان بۆ بەدیهێنانی خواستەکانی مێژو و پێیوایە تاک لەبەرامبەر کۆمەڵدا ڕۆڵێکی پاسیڤی هەیە، هەروەها پێیوایە هونەر و ئیستاتیکای هونەری ڕۆڵێکی بنچینەیی لەهۆشیاری چینایەتی و دواتر بەدیهێنانی سۆسیالیزمدا دەگێڕێت، هەروەها کۆی پرۆسەکانی وەرچەرخان ڕوەو سۆسیالیزم لای پلێخانۆڤ لەمیانەی گەشەی مێژوییانەی کۆمەڵگەوە و بەپێی ماتریالیزمی مێژویی مارکس بۆ قۆناغەکانی گەشەی مێژویی کۆمەڵگەی مرۆیی ڕودەدات.

**کلیلە وشەکان:** سۆسیالیزم، شۆڕش، ڕیڤزیۆنیزم، پلێخانۆڤ، دێتەرمینیزم، ماتریالیزمی مێژویی

# Methods of Achieving Socialism: Georgi Plekhanov's Thought as a Case Study

**Jabar esmael Ahmed**[1] **Mohammed Mustafa Ahmed**[2]

[1+2]Department of Political Sciences, College of Political Sciences, Sulaimani University, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.

## abstract

The realization of socialism, how to achieve it, and the tools of achieving socialism is differ among neo-Marxist thinkers in the twentieth century. The most two obvious trends for achieving socialism are: revolution, and the democratic reform. The thinkers of revolutionary socialism are emphasize rapid and radical change to achieve socialism through the use of armed and violent revolutionary tools, while the thinkers of Social Reform & Social Democracy emphasize on adopting via peaceful way without violence. Social democratic thinkers are divided into two distinct trends: revisionism and determinism. Revisionism emphasizes parliamentary reform, using of democratic ways and elections to achieve workers' rights. The determinist trend emphasizes on the role of history and Marx's historical materialism in achieving socialism, according to the determinists socialism is an inevitable historical stage that occurs after the collapse of capitalism and the turning of society. The Orthodox Marxists such as Kautsky and Plekhanov are among this trend's thinkers. Plekhanov, the Socialist leader in the Soviet Union, emphasized the realization of socialism through peaceful away without armed revolution. For Plekhanov, history played a major role in determining individuals and societies to realize the aspirations of history. He also believed that individuals have a passive role compare to the society, furthermore art and artistic aesthetics play a fundamental role in class consciousness and the subsequent realization of socialism, and the whole process of transition to socialism for Plekhanov occurs during the historical development of society and according to Marx's historical materialism.

**Keywords:** Socialism, Revolution, Revisionism, Plekhanov, Determinism, Historical materialism

## پێشەکی

پرسی بەدیهێنانی سۆسیالیزم و ڕێگە و ئامرازەکانی وەرچەرخانی کۆمەڵگە ڕوەو سۆسیالیزم جێگەی مشتومڕی بیرمەندانی سۆسیالیزم بەگشتی و سۆسیالیزمی نوێبوە بەتایبەتی، بۆ زۆرێک لەبیرمەندان مارکسیزم و تیۆرەکانی مارکس تا

ئەوجێگایەی لەئاســـتی هزری و تیۆریدابون جێگەی هەماهەنگی و هاوڕایی بوە، بەڵام لەکاتی پیادەکردنی لەکۆمەڵگەدا بوەتە ســـەرەتای ناکۆکی و جیاوازی نێوانیان، لەدیارترین ئەو ئەزمونانەش بۆ پیادەکردنی هزرەکانی مارکس و وەرچەخانی کۆمەڵگە ڕوەو ســۆســیالیزم، بریتییە لە نمونەی یەکێتی ســۆڤیەت، بەڵام بەهۆی ئەوەی ڕوســیای تزاری لەوکاتەدا هەر لەقۆناغی کشــتوکاڵی و فیودالیدابوە و نەگەیشــتبو بە قۆناغی پیشــەســازی و گەشــەکردنی ئابوری ســەرمایەداری، بۆیە بیرمەندان لەهەمبەر سروشـــت و ڕێگەی وەرچەرخان ڕوەو ســـۆســـیالیزم لەو وڵاتە بۆچونیان جیاوازبوە، ئێمە لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدەین گەیشــتن بە ســۆسیالیزم، ڕوانگەی یەکێک لە بیرمەندە ســەرەکی و پێشــەنگەکانی مارکســیزمی ســـەدەی بیســـت دەربارەی چۆنیەتی بەدیهێنانی ســـۆســـیالزم دەخەینەڕو، کە بریتییە لە گۆرگی پلێخانۆڤ، ئەویش بەرسەرنجدان لە ڕۆڵی پاسیڤی تاک، کاریگەری هونەر و ئاراستەگۆڕانەکانی مێژو، کاریگەری ڕەوتی مێژویی و دێتەرمینیستی لە بەدیهێنانی سۆسیالیزمدا.

کێشــەی توێژینەوە: کێشــەی توێژینەوەکەمان بریتییە لە پرسی بەدیهێنانی ســۆســیالیزم و چییەتی ڕێگە و ئامرازی گەیشـتن بەسـۆسـیالیزم لەهزری بیرمەندی مارکسـیزمی نوێ گۆرگی پلێخانۆڤدا و شرۆڤەکردنی ڕێگە جیاوازەکانی شـۆڕش و ڕێگەی ڕیفۆرم و بەکارهێنانی ئامرازی ناتوندوتیژی بۆ وەرچەرخانی یاخود وەرچەرخاندنی کۆمەڵگا ڕوەو سۆسیالیزم.

بۆ ئەم مەبەســتە و لەم توێژینەوەیەدا هەوڵمانداوە وەڵامی دو پرســیار بدەینەوە، ئەوانیش: یەکەم گرنگترین ڕێگاکانی بەدیهێنانی سـۆسـیالیزم لەڕوانگەی بیرمەندانی مارکسـیزمی نوێوە چین؟ دوەم ڕێگەی بەدیهێنانی سـۆسـیالیزم لەڕوانگەی هزری پلێخانۆڤەوە چۆنە؟

ئامانجی توێژینەوە: ئامانجی توێژینەوە بریتییە لە خســتنەڕو و شــیکردنەوەی ڕێگاکانی بەدیهێنانی ســۆســیالیزم، وەک ڕێگەی شــۆڕشــگێڕانە و ڕیفۆرمییانەی ســۆســیال دیموکراتی و خســتنەڕوی تیۆرەکانی ڕیڤزیۆنیزم و دێتەرمینیزم لە ڕێگەی سۆسیال دیموکراتیدا، بەتایبەت خستنەڕوی هزرەکانی گۆرگی پلێخانۆڤ بۆ بەدیهێنانی سۆسیالیزم.

گریمانەی توێژینەوە: گەیشــتن بە ســۆســیالیزم و وەرچەرخانی کۆمەڵگە ڕوەو هاوبەشــێتی ئابوری بەچەند ڕێگایەکی جیاواز دەکرێت، دیارترین ڕێگە بۆ بەدیهێنانی ســـۆســـیالیزم بریتین لەڕێگەی شـــۆڕش و توندوتیژی، ڕێگەی ڕیفۆرم و دیموکراتیک، لەم توێژینەوەیەدا گریمانەی بونی چەند ڕێگایەکی جیاواز دەکەین بۆ بەدیهێنانی ســـۆســـیالیزم، لەڕوانگەی هزری پلێخانۆڤەوە گریمانەی بەدیهێنانی سـۆسـیالیزم دەکەین بەڕێگەی دیموکراتی و کاریگەری ماتریالیزمی مێژویی مارکس بۆ گەیشتن بە سۆسیالیزم و وەرچەرخانی کۆمەڵگە.

میتۆدی توێژینەوە: لەم توێژینەوەیەدا و بۆ تێگەیشـــتن لە ڕەهەندی مێژویی پرسی بەســـۆســـیالیســـتیبون میتۆدی مێژوییمان بەکارهێناوە، بۆ تێگەیشـتن لە هزری هزرمەندانی مارکسیـ و بەتایبەت هزری پلێخانۆڤ میتۆدی هێرمۆنەتیک (ڕاڤەی دەق)مان بەکارهێناوە، وێڕای بەکارهێنانی میتۆدی وەسفی- شیکاری.

پەیکەری توێژینەوە: ئەم توێژینەوەیە وێڕای پێشـــەکی و دەرئەنجام، لە دو باس پێکهاتوە، باسی یەکەم تەرخانە بۆ خستنەڕوی ڕێگەکانی بەدیهێنانی سۆسیالیزم کە تیایدا هەڵوەستەمان لەسەر ڕێگەی شۆڕش و ڕێگەی سۆسیال دیموکراتی کردوە، هەروەها لە ڕێگەی سۆسیال دیموکراتی دا هەردو ئاراستەی ڕیڤزیۆنیزم و دێتەرمینیزممان خستوەتەڕو، باسی دوەم تەرخانە بۆ ڕوانگەی هزری پلێخانۆڤ بۆ بەدیهێنانی سـۆسـیالیزم کە تیایدا لە تەوەرەی یەکەمدا سـەرنجمان خسـتوەتە سەر ڕۆڵی پاسیڤی تاک، کاریگەری کۆمەڵ لە شۆڕش و ئابوریدا بۆ بەدیهێنانی سۆسیالیزم، لەتەوەرەی دوەمدا ئیستاتیکای

هونەری و بەدیهێنانی سۆسیالیزممان باسکردوە، کۆتا تەوەرەش تایبەتە بە کاریگەری ماتریالیزمی مێژویی و حەتمیەتی گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە بەدیهێنانی سۆسیالیزم دا، لەکۆتاییشدا لیستی سەرچاوەکان خراوەتەڕو.

## باسی یەکەم: ڕێگاکانی بەدیهێنانی سۆسیالیزم

هزری سۆسیالیستی لەگەڵ ڕەهەندە تیۆرییەکەی، هاوکات هەڵگری ڕەهەندی پراکتیزەییشە. بۆئەوەی کۆمەڵگا ببێتە کۆمەڵگەیەکی سۆسیالیستی، پێویستە بە بەکارهێنانی ئامراز و گرتنەبەری ڕێگای دروست هەوڵ بۆ وەرچەرخاندنی کۆمەڵگە و لەناوبردنی سیستەمی سەرمایەداری بدرێت بۆ دەستەبەری دادپەروەری و یەکسانی کۆمەڵایەتی و هاوبەشێتی ئامرازەکانی وەبەرهێنان و گۆڕانی پەیوەندییەکانی وەبەرهێنان و نەهێشتنی سیستەمی چینایەتی، ئەم گۆڕان و وەرچەرخانانەش بنەمای بونی کۆمەڵگەیەکی سۆسیالیستین. کاتێک پرسیار دەربارەی ئەو ڕێگایانەی پێویستە بگیرێنەبەر بۆ گەیشتن بە سۆسیالیزم دێتە ئارا، یان پرسیار لەو ڕێگا و ئامرازانەی بۆگەیشتن و دەستەبەری سۆسیالیزم دەگیرێنە بەر کە ئایا پێویستە چۆن و بەچی ڕێگایەک کۆمەڵگا و دامەزراوەکان و پەیوەندییەکان و نەزمی خاوەندارێتییەکان بەرەو سۆسیالیزم بچن یان ببرێن؟ لەوەڵامی ئەو پرسیارەدا (جۆزیف شۆمپیتەر) پێیوایە دەبێت ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێت کە بیرمەندانی مارکسی دابەش کردوە بۆ : شۆڕش یان پەرەسەندن؟ و پێشی وایە ئەگەر بۆ ناوەرۆکی هزرەکانی مارکس بگەڕێینەوە ئەوا وەڵامەکەی قورس نییە، چونکە بۆ مارکس پەرەسەندن دایک و باوکی سۆسیالیزم بو( Schumpeter, 2003: 58)، واتە پەرەسەندن ڕێگەی گونجا و پێویستبو بۆ گەیشتن بە سۆسیالیزم.

پرسی پەرەسەندنیش بۆ دو ئاراستەی هزری تر دابەش دەبێت، ئەوانیش پەرەسەندنی سروشتیانەی مێژوی کۆمەڵگەیە کە بە ڕێگەی (دێتەرمینیزم) گوزارشت دەکرێت و بیرمەندانی مارکسیزمی ئەرسەدۆکسی- لە هزری سۆسیال دیموکراتیدا هەڵوەستەیان لەسەر کردوە، هەروەها ڕێگەی (ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتی)ە کە ئەویش لەئاراستەی هزری سۆسیال دیموکراتدا دەردەکەوێت، هاوکات بۆ مارکس و ئەنگلس وێڕای ڕێگە و ئامرازەکانی گەیشتن بە سۆسیاسیالیزم، چەند هەنگاوێکیشیان باسکردوە کە کۆمەڵگە لەڕێگەی دەستەبەری سۆسیالیزم لەهەناوی خۆیداهەڵیگرتون و لەبەردەمیدا ئامادەن، کە گرنگترینیان بریتین لە: یەکەم: دیکتاتۆریەتی ڕاگوزەری پرۆلیتاریا.- دوپاتکردنەوەی ئەوەی کە مرۆڤایەتی ناتوانێت بە شەوێک لە سەرمایەدارییەوە بچێتە کۆمۆنیزمەوە، دوەم: خەباتی پرۆلیتاریا: چینی پرۆلیتاریا خۆی دەتوانێت بەرژەوەندییەکانی خۆی بزانێت و هەوڵی بەدیهێنانیان بدات. سێیەم: سەرکردایەتی پرۆلیتاریا لە خەباتدا، پرۆلیتاریا لە خەباتەکەیدا بەشێوەی ڕێکخراو و پەروەردەکراو دەبێت. چوارەم: بەکارهێنانی دیموکراسی بۆرژوازی، بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵگا و بۆ قۆناغێکی دیاریکراو. پێنجەم: وەرچەرخان بەڕێگەی ئاشتیانە یان یاخیبون. شەشەم: هەماهەنگی پرۆلیتاریا لەگەڵ چینەکانی تردا. حەوتەم: سۆسیال ئینتەرناسیۆنالی پرۆلیتاری، چینی پرۆلیتاریا لەهەرکوێ بن هەمان دۆخ و ئەرکیان هەیە بۆ خەباتی چینایەتییان(Touchard,1961:497-503). هەشتەم: شۆڕشی هەمیشەیی: لەوانەیە ڕێکەوت وابکات بەشێوەیەکی کاتی بەرژەوەندی چینی پرۆلیتاریا هاوشانی بەرژەوەندی بۆرژوازیەتی دیموکراتی بێت، بەڵام نابێت ئەو دۆخە کاتییە ببێتە خواستی پرۆلیتاریا و دەبێت بەردەوامبن لە شۆڕشی کرێکاری بۆ قۆناغی دوای ڕوخاندنی سەرمایەداری(توشار،٢٠١٠: ٨٥٩). وێڕای ئەو ڕێگە ناوەکیانەی هزری سۆسیالیزم لەماهیەتی خۆیدا هەڵیگرتون، هاوکات بەدیهێنانی سۆسیالیزم بەچەند ڕێگەیەکە کە گرنگترینیان بریتین لەڕێگەی شۆڕش و ڕێگەی ڕیفۆرمی سۆسیال دیموکراتیانە. بۆیە دەبینین کە پرسی چۆنیەتی گەیشتن بە سۆسیالیزم و ئەو ئامرازانەی بۆگەیشتن بەسۆسیالیزم

بەکاردەهێندرێن پرسـێکی تەواو گرێدراوە بە خودی سـۆسـیالیزمەوە، چونکە بۆ بیرمەندان ڕێگا و ئامرازەکانی گەیشـتن بەسۆسیالیزم بەئەندازەی خودی سۆسیالیزم و ماهیەتەکەی گرنگە، کە لە خوارەوە باسیان دەکەین:

**تەوەرەی یەکەم: شۆڕش وەک ڕێگەی گەیشتن بە سۆسیالیزم**

پرسی شـۆڕش ڕاسـتەوخۆ گرێدراوی دۆخی سـەرهەڵدان و لەدایکبونی شـۆڕشـە، ئەو دۆخی نادادی و پرسـتەم و ناهەموارەیە کە دەبێتە منداڵدانی بزاڤێک بۆ ڕوخاندن و هەرەسـپێهێنانی، واتە ئەو دۆخ و سـیسـتەمەی شـۆڕشی لەدژ دەکرێت، هەرخۆی دروستکەر و سازێنەری شۆڕشە، بەواتایەکی تر شۆڕش لەدۆخی یەئس و نائومێدیدا لەدایک دەبێت، دۆخێکی تاریک و داخراو کە هیچ ڕوناکی و درزێک بۆ ڕزگاری نامێنێتەوە. ئەم گوزارشـتەی بۆ شـۆڕش و دۆخی شـۆڕش دەکرێت، بەتەواوی لە هزری سۆسیالیستیدا ڕەنگرێژکراوە، سۆسیالیزم و مارکسیزم شۆڕش وەکو ئامرازی هەڵتەکاندنی سـەرمایەداری و بنەماکانی دەبینن، بەشـێک لە بیرمەندانی سـۆسـیالیسـتی پێیانوایە سـۆسـیالیزم تەنها بەڕێگەی شـۆڕش دەتواندرێت بەدیبهێندرێت، بۆیە ستایشی. بەکارهێنانی توندوتیژیان دەکرد بۆ ڕوخاندنی سەرمایەداری، هەروەها مارکس و ئەنگلس پێشـبینی شـۆڕشی پرۆلیتاریان دەکرد کە کرێکارانی هۆشـمەند لەڕێگەی شـۆڕشـەوە سـیستەمی سـەرمایەداری لەناودەبەن(Heywood,2017:158)، شـۆڕشی پرۆلیتاریا وەک ڕێگەی بەدیهێنانی سـۆسـیالیزم بەرلەوەی شـۆڕشـێکی سیاسی بێت، شۆڕشـێکی کۆمەڵایەتی ڕیشـەیی گشتگیرە، ڕاستە پرسی دەسـەڵات لە هەمو شۆڕشـێکدا پرسێکی بنەڕەتییە (لەوانەش شـۆڕشی پرۆلیتاریا)، ئەگەرچی بابەتی شـۆڕش و دژایەتیکردنی سـیسـتەمی سـەرمایەداری بابەتێکی سـەرەکی و هاوبەشی زۆرێک لە بیرمەندانی مارکسـیزمی نوێیە، واتە شـۆڕش وەکو پرسـێکی سـیاسی و پێشـمەرجێکی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا، بەڵام مارکس لە نوسـینە سـەرەتاییەکانیدا بیرۆکەی گەورەی ئەرکی مێژویی چینی کرێکاری دارشـتوە بەبێ ئەوەی هیچ لەبارەی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا بڵێت، دواتر لە مانگی ئابی سـاڵی (١٨٤٤)، مارکس لە وتارێکدا بە ناوی (تێبینییە پەراوێزییە ڕەخنەییەکان لەسەر بابەتی پاشای پروس و چاکسازی کۆمەڵایەتی لەلایەن پروسییەکەوە)، دەڵێت کە شۆڕشی پرۆلیتاریا شـۆڕشـێکی کۆمەڵایەتی و سـیاسـییە و ئەمەش دەیباتە پێشـەوە بۆ بیرۆکەی دیکتاتۆرییەکی پرۆلیتاری، پێشـیوایە هەمو شـۆڕشـێک تا ئەو ڕادەیە کۆمەڵایەتییە کە کۆمەڵگەی کۆن هەڵدەوەشـێنێتەوە، هەمو شـۆڕشـێک تا ئەو ڕادەیە سـیاسـییە کە دەسـەڵاتی کۆن دەڕوخێنێت، ئەرکی شـۆڕش بە گشـتی ڕوخاندنی دەسـەڵاتی هەبو و هەڵوەشـاندنەوەی پەیوەندییە کۆنەکانە، کە کردەوەیەکی سـیاسـییە، بەڵام سـۆسـیالیزم بەبێ شـۆڕش بەدی نایەت و پێویسـتی بەم کردارە سـیاسـییە هەیە تا ئەو ڕادەیەی پێویسـتی بە لەناوبردن و هەڵوەشـاندنەوە هەیە (Oizerman,1981:213-214)، بۆیە ئەگەرچی شـۆڕشی پرۆلیتاریا شـۆڕشـێکی کۆمەڵایەتییە، بەڵام ناتوانێت سـیاسـیش نەبێت و ڕێکار و ئامرازی سـیاسی بەکارنەهێنێت، هەروەها ناشـتوانێت کردە و دەرئەنجامی سـیاسی بەهەند نەگرێت و سـەرنج نەخاتە سـەر دەسـەڵاتی سیاسی کە سەرچاوەی نادادی و جیاوازی و چەوسانەوەی چینایەتییە.

مارکسـیزمی شۆڕشگێڕ لەسـەرەتاکانی سـەدەی بیسـتەم سـەریهەڵدا، بەشـێک لەبیرمەندانیان پێشـتر وەکو باڵی چەپی بزوتنەوەی سـۆسـیال دیموکرات ناسرابون کە بۆچون و چالاکییەکانیان زیاتر بەئاراسـتەی توندوتیژی و شـۆڕش بو لەهەمبەر سـەرمایەداری، باوەڕیان وابو کە دۆخی شـۆڕش و توندوتیژی لەماوەیەکی کەمدا هەمو ئەوروپا دەگرێتەوە، بەتایبەت دوای شـۆڕشی سـاڵی (١٩٠٥) لە ڕوسـیای تزاری بەتەواوی بونە خاوەن بۆچونی ڕادیکاڵانە و شـوێنی بەشـێکی زۆری بۆچونە دیموکراسی و ڕیفۆرمخوازەکانیان لەقکرد(بشـیریە،١٤٠٢: ٧٩-٨٠)، کە دیارترین بیرمەندانی ئەم ئاراسـتەیە بریتین لە ڤلادیمێر لینین و ڕۆزا لۆکسمبۆرگ و لیۆن ترۆتسکی، لینین یەکێک لەبیرمەندە دیارەکانی بزوتنەوەی سۆسیالیزمی

شۆڕشگێڕ و ڕابەری شۆڕشی سۆسیالیستی لە ڕوسیا و یەکەم سەرۆکی یەکێتی سۆڤیەت، هەرچەندە وەکو یەکێک لە پێڕەوانی هزری پلێخانۆڤ دەرکەوت، بەڵام دواتر کاریگەری زۆری بەسەر بیرکردنەوەی شۆڕشگێڕانەوە هەبو لە بزوتنەوەی سۆسیالیستی سەدەی بیست دا، هەرچەندە لە پلێخانۆڤ و کاوتسکییەوە بە هزری مارکسیزم ئاشنابو، بەڵام دواتر لە ئاراستەی هزری ئەوان دور کەوتەوە و ڕەوتێکی نوێی سۆسیالیستی بونیادنا، ئەم بۆچونە جیاوازەشی پارتی سۆسیال دیموکراتی سۆڤیەتی بۆ دو باڵی بەلشەفیک و مەنشەفیک دابەشکرد، لینین وەکو باڵی بەلشەفیک (باڵی زۆرینە)، پلێخانۆڤ وەکو باڵی مەنشەفیک (باڵی کەمینە) ناسران(پولادی،١٤٠٠: ٢٣-٢٤)، هەروەها پرسی ڕابەرایەتیکردنی شۆڕش و بزوتنەوەی شۆڕشگێڕان یەکێک لەپرسەکانی بزوتنەوەی سۆسیالیستی شۆڕشگێڕبو، هەندێک بیرمەند پێیانوایە پێویستە ڕۆشنبیران ڕابەرایەتی شۆڕش بکەن و هەندێکیشیان پێیانوایە دەبێت حیزب ئەو ئەرکە وەئەستۆ بگرێت، لینین پێیوابو پێویستە حیزب ڕابەرایەتی شۆڕش بکات، لینین پێیوابو ڕێکخستن و ئاراستەکردنی جەماوەری شۆڕش لەئەستۆی سەرکردایەتی حیزبی پێشەنگە کە حیزبی سۆسیالیستییە، واچاوەڕێ دەکرێت کە خەڵک بەشێوەی خۆکردانە شوێن سەرکردایەتی حیزب بکەوێت، بەڵام ئەم شوێنکەوتنە درێژە و بەردەوامی نابێت، بۆیە پێویستە حیزب ئەرکی هۆشیاری چینایەتی و ڕێکخستن و ئاراستەکردن جێبەجێبکات، هەروەها پێیوابو پێویستە چەک دژی ئەوکەسانە بەکاربێت کە دژی بزوتنەوەی سۆسیالیستین(Gregor,2009:270)، لینین بەشی زۆری بۆچونەکانی بۆ ڕەخنەکردنی نارۆدینکەکان(Narodniks) و بێهیوایی لەئاستیان تەرخانکردبو هاوکات ڕەخنەی لە دیدگا ڕیفۆرمخوازەکان هەبو، لەهەمبەر پۆپۆلیزمی نارۆدینکەکان پێیوابو بونی سەرمایەداری و گەشەی پیشەسازی قۆناغی پێویستی گۆڕانن ڕووەو سۆسیالیزم و سەرکەوتنی پرۆلیتاریا، هاوکات بەپێچەوانەی دێتەرمینیستەکان و حەتمیەتی گەشەسەندنی سەرمایەداری، لەنوسینەکانی ئەو قۆناغەیدا دەتواندرێت دوژمنایەتی قوڵی لینین لەبەرامبەر سەرمایەداری ببیندرێت(Haimson,1996:205)، واتە هزری شۆڕشگێڕانەی لینین تیۆرەیەک بو لەنێوان تیرۆر و توندوتیژی نارۆدینکەکان و دیتەرمینیزم و ڕیفۆرمی پلێخانۆڤ و بێرنشتایندا. هەروەها شۆڕش خواستێک نییە بەلای لینینەوە بەڵکو پێویستییەکی کۆمەڵایەتییە لە دۆخێکی دیاریکراو و بۆ مەبەستێکی دیاریکراو، لینین پێیوایە ناتوانین ئەگەری جەنگی شۆڕشگێڕانە لەناوبەرین، ئەو شۆڕشانەی خەباتی چینایەتین، کە کردەی دەستی چینی شۆڕشگێڕانن یان دەرئەنجامی دۆخێکی شۆڕشگێڕین(Lenin,1974:399)، بۆیە شۆڕشی سۆسیالیستی کە لەلایەن چینی کرێکارانەوە هەڵدەگیرسێت، هاوکات شۆڕشێکە کە دۆخی کۆمەڵایەتی و ستەمی سیستەمی سەرمایەداریش هۆکارن لەهاتنە ئارای.

ڕۆزا لۆکسمبۆرگ یەکێک لەبیرمەندانی سۆسیالیستی نوێبو، باوەڕی وابو مارکسیزم هەڵگری ماهیەتێکی یەکانگیر نییە، بۆیە ئەو بەشەی مارکسیزمی قبوڵ بو کە هاوتای گۆڕانی خێرای شۆڕشگێڕانەبو، هەروەها ڕوانینی لە سۆسیالیزم بەو پێودانگەبو کە بریتییە لە بەهاگەلێکی ئاکاری نەوەک بەرئەنجامی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە بێت بەپێی ماتریالیزمی مێژویی، ئەو باوەڕەی ڕۆزا بۆ گۆڕینی خێرا، وایکردوە زیاتر وەک مارکسیستێکی پراگماتیست و شۆڕشگێڕ ناسراوبێت، واتە ئامانجی لە مارکسیزم گۆڕانی خێرا و ڕادیکاڵانەی شۆڕشگێڕی بو، لەسەر ئەو بنەمایەش دەستکاری بەشێک لە بونیادە هزرییەکانی مارکسیزمی کرد، لەوانە پێیوابو شۆڕشی سۆسیالیستی ناوەستێتە سەر بارودۆخە ئابورییەکان، شۆڕشی سۆسیالیستی و ڕوخانی سیستەمی سەرمایەداری بەهۆی قەیرانی سیاسییەوە سەرهەڵدەدەن نەوەک قەیرانی ئابوری(بشیریە،١٤٠٢: ٨٤)، ئەمەش پێچەوانەی هزری ئەو بیرمەندانەیە کەپێیانوایە سەرمایەداری بەهۆی قەیرانی ئابورییەوە هەرەس دەهێنێت، هەروەها باوەڕیوایە کە ڕێگەی ڕیفۆرم نابێتە هۆی بەدیهێنانی سۆسیالیزم، پێیوایە گۆڕانی کۆمەڵگە بەڕێگەی ڕیفۆرم و هاریکاری، تەنانەت ئەگەر سەندیکا کرێکارییەکانیش لەگەڵیدا هەماهەنگ بن، بەڵام لەگەڵ

گەشەکردنی مادیيانەی کۆمەڵگای سەرمایەداری ناگونجێت، چونکە هاوکاری لەچوارچێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا بەدیناکرێت(Luxemburg,2008:97)، بۆیە بۆچونی بیرمەندانی سـۆسـیال دیموکرات و بەتایبەت بۆچونی بێرنشـتاینی دەربارەی ڕیفۆرم و بەکارهێنانی ئامرازی دیموکراسییانە بۆبەدیهێنانی سۆسیالیزم ڕەتکردەوە.

شـۆڕشی سـۆسـیالیسـتی تاکەی و تاکوێ؟ یەکێک لەو پرسـانەبو کە بۆبیرمەندانی سـۆسـیالیزمی شـۆڕشـگێڕ جێگەی سەرنج بو، لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیستدا بۆچونی بەلشەفیکەکان و مەنشەفیکەکان بۆ شۆڕش جیاوازبو، مەنشەفیکەکان پێیانوابو شۆڕشی سۆسیالیستی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی بۆرژوازی بەسەر دەسەڵاتی قەیسەر و فیودالیەتدا سـەرهەڵدەدات، بۆیە داوایان دەکرد پێویسـتە سـەرەتا شـۆڕشی بۆرژوازی بەئاکام بگات و بۆئەو مەبەسـتە داوایاندەکرد لەگەڵ لیبرالەکاندا هەماهەنگی بکەن، بەڵام لینین پێیوابو دەکرێت لە شـــۆڕشی دیموکراتیدا شـــۆڕشی بۆرژوازی ببەسـترێتەوە بە شـۆڕشی سـۆسـیالیسـتییەوە لەژێر ڕابەرایەتی چینی پرۆلیتاریادا، واتە ئەو شـۆڕشـە ئەگەرچی هەڵگری سروشـــتێکی بۆرژوازییە و بە هەماهەنگی جوتیاران و کرێکارانە و پرۆلیتاریا ڕابەری شـــۆڕشـــە، بۆیە دەکرێت شـۆڕشـگێڕان بۆ قۆناغی سـۆسـیالیسـتی پەروەردەبکرێن(پولادی،١٤٠٠: ٢٤-٢٥)، ئەم بیرۆکەیەش لای ترۆتسـکی دەبێتە بناغەیەک بۆ بیرۆکەکەی کە بریتییە لە (شـۆڕشی بەردەوام). پرسی شـۆڕشی بەردەوام بۆ ترۆتسـکی لەبەرامبەر تێزەی لینین (بەپێودانگی سـتالین) بو بۆ تیۆری سـۆسـیالیزم لە وڵاتێکدا، بەرنامەی کۆمینترن کە لەلایەن (بوخارین)ەوە ئامادەکرابو، هەوڵێکبو تیایدا تیۆرەی سـۆسـیالیزم لە وڵاتێکدا بە شـۆڕشی هەمیشـەییەوە ببەسـتێت، بەڵام دواتر دەرکەوت پرسی شۆڕشی هەمیشەیی و سۆسیالیزم لەوڵاتێکدا بۆشاییەکی گەورەی خستە نێوان لینین و ترۆتسکی(Trotsky,2010:315)، ترۆتسـکی پێیوابو هەمیشـە و بەدرێژایی مێژو دوای هەر شـۆڕشـێک، دژە شـۆڕش دەرکەوتوە، کە هەوڵی لەباربردنی دەستکەوتی شۆڕش دەدەن، پێیوایە شۆڕش بەبێ بەشداری جەماوەر مەحاڵە، ئەم بەشداریانەش کەتێک سەرهەڵدەدات کە خەڵک ستەمی لێکرابێت، بۆیە هەوڵدەدەن ئومێدی ڕزگاری خۆیان بە شۆڕشەوە گرێبدەن، بەڵام هیوا خواستنیان بۆ داهاتویەکی باشـتر زیادەڕەوی تێدادەکرێت، بەتایبەت لە کۆمەڵگەی چینایەتیدا جۆرێک لە سـەرلێتێکچونی جەماوەری دروسـتدەبێت، خەڵک دەخاتە وەهمێکەوە کە کاریگەری لەسـەر وزە و چالاکی شـۆڕشـگێڕان دروسـتدەکات و لاوازیان دەکات، ئیتر دژە شـۆڕشـەکان دەرفەتیان بۆ دەسـازێت، بە فەرمی دانانی تیۆری (سـۆسـیالیزم لە یەک وڵاتدا) بنەمایەکی قبوڵکارانەی ئەو دۆخی دژە شـۆڕشـەیە و دابڕانێکی ڕون و دیارە لە مارکسـیزم(Trotsky,1964:141-145)، ئەم دۆخەش دەبێتە هۆی ئەوەی دەسـتکەوتی شـۆڕش لەناوبەرێت و کۆمەڵگە بۆ دۆخی پێشـتر بگێڕێتەوە. بۆ ترۆتسـکی شـۆڕشی بەردەوام وێڕای جەختکردنی تاکانەیی لەسـەر خەباتی پرۆلیتاریایی، هاوکات دژی دسـەڵاتی شـمولیش بو، بۆیە دژی سـتراتیژیەتی سـتالین بو بۆ دامەزراندنی (بەرەی خەڵکی دژە فاشـیسـت) لەگەڵ بزوتنەوەی کرێکاری، چونکە پێیوابو ئەو بەرەیە لەجیاتی پاراسـتنی یەکێتی نێوان خەڵک و چینی کرێکار، وائەکات خەڵکی پشـتبکەنە مافەکانی کرێکاران و ئیهمالیان بکەن، بەمجۆرە بەرژەوەندی کرێکاران دەکەنە قوربانی و لەئاکامیشـدا دەبێتە هۆی بەهێزکردنی دەسـەڵات و ڕژێمی وەکو هیتلەر و مۆسـۆلۆنی، بۆیە ترۆتسـکی لە تیۆری شـۆڕشی بەردەوامدا باوەڕی بە لەپێشـینەبون و سـەربەخۆیی خەباتی چینی کرێکار هەبو(ترۆتسـکی،٢٠١٦: ٧٤)، نەوەک کرێکاران بکرێنە ئامرازی مەبەسـت و خواسـتی تری دەسـەڵات، کەدواتر ڕاستی بۆچونەکانی لە قوڵتربونەوەی دەسەڵاتی دیکتاتۆرییانەی ستالین دا دەرکەوت.

بیرمەندانی سۆسیالیزمی شۆڕشگێڕ، وێڕای جیاوازی بۆچونەکایان دەربارەی چیەتی و چۆنیەتی شۆڕش و دۆخی شۆڕش و ئاکام و ڕابەرانی شـۆڕش و چۆنیەتی مامەڵەکردنی دۆخی دوای سـەرکەوتنی شـۆڕش، بەڵام هاوکات هەمویان هاوڕابون کە

شـــۆڕش ئامرازێکی گرنگ و پێویســـتە بۆ بەدیهێنانی ســـۆســـیالیزم، واتە ڕێگەی وەرچەرخانی کۆمەڵگا بۆ کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستی بەبۆچونی بیرمەندانی سۆسیالیزمی شۆڕشگێڕ بریتییە لە خەباتی چینی پرۆلیتاریا، بزوتنەوەی سۆسیالیستی دەبێت لەجیاتی ڕیفۆرم و ڕێگەی دیموکراسی و پەرلەمانی، ڕێگەی شـــۆڕش و توندوتیژی شـــۆڕشـــگێڕانە بگرنەبەر بۆ بەدیهێنانی کۆمەڵگەیەکی سۆسیالیستی و ڕوخاندنی سیستەمی سەرمایەداری.

**تەوەرەی دوەم: سۆسیال دیموکراتی و بەدیهێنانی سۆسیالیزم**

ســـەرهەڵدانی گۆڕانکاری و جۆرێک لەخۆگونجاندنی ســـەرمایەداری لەگەڵ گەشـــەی کۆمەڵگاکاندا وایکرد ئەوەی سـۆسـیالیزم چاوەڕێیبو لە مەرگی سـەرمایەداری، ڕونەدات و کرێکارانیش چیتر چەکی سـۆسـیالیزم نەبن بۆ ژێرەوژورکردنی سیستەمی سەرمایەداری، لە وەرچەرخانەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیست دا سۆسیالیستەکان لە ئەوروپا ماوەیەک چاوەڕێی دارمانی ســـەرمایەداری بون لە ژێر ئەو دژایەتییە ناوخۆییانەدا کە ببوە بەشـــێک لە باوەڕیان وەک مارکسیستێک، چونکە باوەڕیان بەوە هەبو کە دارمانی سەرمایەداری حەتمییە و ڕەنگە قەیرانی ئابوری داهاتو هەمو بونیادی سیستەمی سەرمایەداری بەرەو داڕوخان ببات، بەڵام دواتر دڵنیا بونەوە لەوەی سەرمایەداری ماوەیەکی زۆرە لە مردندایە و ڕوبەڕوی قەیرانی زۆر دەبێتەوە و تالێواری مەرگ و داڕوخان دەچێت و دواتریش بە هێز و تۆکمەیی زیاترەوە ڕزگاری دەبێت، لێرەوە بەشێک لەبیرمەندانی مارکسی وەک بێرنشتاین گەیشتنە ئەو بۆچونەی کە سیستەمی سەرمایەداری و دەوڵەتانی بۆرژوازی توانای چاکســـازییان لە خۆیاندا هەیە، حەقدەســـتی ڕاســـتەقینەی کرێکاران بەرز دەبوەوە، ســەرمایەداری قۆرخکاری ئەوەندە قۆرخکاری نەبو وەک ئەوەی ســۆســیالیســتەکان چاوەڕێی بکەن، دەوڵەتی بۆرژوازی لەگەڵ سەندیکاکانی کرێکاری و حزبە سۆسیالیستییە جەماوەرییەکاندا ڕێککەوتبو و تەنانەت سەرەتاکانی سیستەمێکی نوێ لە بەڕێوەبردنی ئابوری و دەوڵەتی خۆشگوزەرانیدا(Welfare State) دەرکەوتبون، هەندێک لە بیرمەندان وەک کاوتسکی و بێرنشتاین پێیانوابو دەکرێ سەرمایەداری و دەوڵەت بەبێ شۆڕش چاکسازی بکرێن، ئەمە هەڵوێستی نوێی سۆسیالیستی بوکە بە ڕیڤیزیۆنیزم، ناسرا و ســـەرەتای دەرکەوتنی ســـۆســـیال دیموکراتی بو(McClelland,2005:530)، بیرمەندانی ســۆســیال دیموکرات باوەڕیانوابو کە شــۆڕش و توندوتیژی لەبەرژەوەندی چینی کرێکاراندا نییە و پێویســتە ڕێگەی تری ناتوندوتیژانە و ئامرازی ئاشـــتیانە و دیموکراتیانە بۆ دەســـتەبەری ســـۆســـیالیزم بگیرێتەبەر. بۆ چۆنیەتی گەیشـــتن بە ســۆســیالیزم، بیرمەندانی ســۆســیال دیموکراتی بۆچونیان جیاوازبو، دیارترین بیرمەندانی ســۆســیال دیموکراتی بریتین لە بیرمەندانی ڕڤیوزنیزم و دێتەرمینیزم، ڕڤیوزنیســـتەکان کە دیارترینیان بریتییە لە بێرنشـــتاین پێیانوایە پێویســـتە ئامرازی دیموکراســـییانە و هەڵبژاردن و پەرلەمان و بابەتەکانی ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتی بکرێنە بنەمایەکی ســـەرەکی بۆگەیشـــتن بە سۆسیالیزم، بەڵام بیرمەندانی دێتەرمینیست کە دیارترینیان بریتین لە سۆسیالیستە ئەرسەدۆکسەکانی وەک پلێخانۆڤ و کاوتســـکی، باوەڕیانوایە کە ماتریالیزمی مێژویی مارکس و حەتمیەتی ڕوخانی ســـەرمایەداری کە مێژو لەهەناوی خۆیدا هەڵیگرتوە، پێویستە وەکو شاڕێگەی بەدیهێنانی سۆسیالیزم ببیندرێن، کە لەخوارەوە هەڵوەستەیان لەسەر دەکەین.

**یەکەم: ڕیڤیزیۆنیزم و بەدیهێنانی سۆسیالیزم**

ڕیڤیزیۆنیزم ئاماژەیە بۆ ئەو بیرمەندانەی هەوڵی پێداچونەوە بە هزری مارکسیزمیاندا، بەشێکن لە سۆسیال دیموکراتی ئەوروپی و بەتایبەت ئەڵمانی لە ماوەی ئامادەیی (ئینتەرناســیۆنالی دوەم) لە (١٨٨٩-١٩١٤)، داڕێژەر و ڕابەری ئەم هزرە (ئێدوارد بێرنشـتاین) بو، تێزی سـەرەکی بێرنشـتاین خسـتنەڕوی ئەوەبو کە دارمانی سـیسـتەمی سـەرمایەداری کە مارکس پێشبینی کردبو، پێناچێت هەرگیز ڕوبدات، بۆیە پێیوابو کە پێویستە سۆسیال دیموکراتەکان شێوازی کاری خۆیان بگۆڕن

و دەســـتبەرداری بیرکردنەوەی شـــۆڕشـــگێڕانەیان بن(کیندێرســـلی،٢٠٢١: ٥٣١)، ئامرازە دیموکراســـییەکان و ڕێگای ناتوندوتیژانە بگرنەبەر بۆ بەدیهێنانی ماف و خواستی کرێکاران و کۆمەڵگەی سۆسیالیستی، ئەمەش پێویستی بەوەیە کە کرێکاران وەکو هێزێکی دیموکرات و ئاشـــتی وێنابکرێن، نەوەک وەکو هێزی توندوتیژ، بێرنشـــتاین پێیوایە کاتێک لەناو بزوتنەوەی کرێکاراندا ســـەرنج بدەین دەبینین ئەو سروشـــتەی بۆرژوازەکان بە ئازادی دەبەخشـــن لەلایەن کرێکارانەوە جۆرێک لە ئیهمالکردنی پێدەدرێت و بەهایەکی ئەوتۆی پێنادرێت، ئەمەش وادەکات پشـــتگیری لە ئاکاری پرۆلیتاریایی نەکەن، تەنانەت خواســـتیان هەیە کە هەمان گوێپێنەدانی پرۆلیتاریایی بەرهەمبهێننەوە، واتە ئەم دابڕانە بەردەوام دەبو ئەگەر سەندیکاکان و بزوتنەوەی کرێکاری نەبوایە کە بونە هۆکاری ئەوەی کرێکاران لایەنگریان لەناو سۆسیالیست و نا-سۆسیالیستەکان بۆ دروست بێت و جۆرێک لەپەرۆشی بۆ بزوتنەوەی کرێکاری سەرهەڵبدات(Bernstein,1909:221)، بۆیە بەلای بێرنشتاینەوە پێویستە بزوتنەوەی سۆسیالیستی لەڕێگەی سەندیکاکان و چالاکییە ئاشتییەکانیان و ڕێگەی پرۆسەی سیاسی دیموکراسییەوە هەوڵ بۆ دەستەبەری مافەکانی پرۆلیتاریا بدەن، تەنانەت بێرنشتاین پێیوایە ئەوەی لەبزوتنەی خەباتی سۆسیالیستیدا گرنگە خودی بزوتنەوەکە و هەوڵەکانیەتی نەوەک کۆتاییەکی سۆسیالیستی، پێیوایە ڕیفۆرم بەرئەنجامی ڕیڤیزیۆنیزمە نەوەک خودی ڕیڤیزیۆنیزم، ئەمەش بوە هۆی ئەوەی لە کۆنگرەی شەشەمی جیهانی و لە بەرنامەی ســـۆســـیال ئینتەرناســـیۆنالدا لە (١٩٢٨) بگوترێت کە ســـۆســـیال دیموکراتی دورکەوتنەوەیە لە مارکســـیزم و ڕیڤیزیۆنیزم بە گـواســـتـنەوەی بـۆ ڕیـفـۆرمی کـۆمەڵایەتی چـوەتە نـاو لـیـبرالـیزمی بـۆرژوازی و ســـۆســـیـال ئیمپریالیزمەوە(کیندێرسلی،٢٠٢١: ٥٣٥،٥٤٢)، ئەمەش بۆ بێرنشتاین هەم پەسەند و هەمیش جێگەی ڕەتکردنەوەبو، چونکە بێرنشتاین ئەگەرچی داوای ڕیفۆرم و گرتنەبەری ڕێگەی دیموکراسی دەکرد و بەشێک لە بنەماکانی هزری مارکسی-ڕەتکردبوەوە، بەڵام هێشتاش بیرمەندێکی ســۆســیالیســتی بو و بەشــێکی زۆری تیۆرەکەی بۆ ڕزگاری پرۆلیتاریا و خەباتی کرێکاری و بزوتنەوەی سۆسیالیستی بو.

بێرنشـــتاین ڕەخنەی لەو بۆچونەی مارکســـیزمەکان هەبو کە پێیانوابو ســـەرمایەداری بەهۆی ناکۆکییە ناوخۆییەکانی خۆیەوە دەڕوخێت، تا گەیشـــتە ئەو ئاســـتەی کە پێیوابو هەندێک پرەنســـیپی بنچینەیی لە ماتریالیزمی مێژویی مارکس هەڵەن، داوای دەکرد کە بەپێی گۆڕانکارییەکان لە بونیادی چینەکۆمەڵایەتییەکان و سروشـــت و ڕۆڵی دەوڵەتی نوێدا، هزری مارکسیزمیش پێویستی بە ڕیفۆرم و پێداچونەوە هەیە (بشیریە،١٤٠٢: ٥٧)، ڕوانگەی ڕیڤیزیۆنیستی سۆسیالیزم ئەوە بو کە دەوڵەت کەم تا زۆر بێلایەنە و سۆسیالیستەکان دەتوانن بە ڕێگەی ئاشتیانە و بەشێوەیەکی یاسایی و دەستوری دەســـەڵاتی دەوڵەت وەربگرنەوە بەڕێگەی کێبڕکێی هەڵبژاردن دواجار دەتوانن وابکەن دەنگیان پێ بدرێت بۆ دەســـەڵات، کاتێک لە حکومەتدا بن لە ڕێگەی پرۆسەی یاسایی ئاساییەوە سۆسیالیزم پیادەبکەن ئەم بیرۆکانە لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمەوە لە پارتی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیاوە پەرەیان سەند (Harrison-and-Boyd,2003:218)، ئەمەش لەڕێگەی گۆڕانکاری لە هزری مارکســـیزمدا ڕودەدات، دیارترین ئەو خاڵانەش کە پێویســـتی بەگۆڕانکاری هەبو پرسی وەرچەرخانبو بەرەو سۆسیالیزم کە بێرنشتاین پێیوابو پێویستە لەڕێگەی پەرلەمان و ڕیفۆرمەوە کۆمەڵگا بەرەو بەدیهێنانی سۆسیالیزم وەربچەرخێت، هەرچەندە ئەو وەرچەرخانە ئەگەری ئەوەی هەیە کەمێک سەخت بێت بەهۆی نەریتە باوە سۆسیالیستییەکانەوە، بێرنشتاین ئاماژە بەوە دەدات کە نەریت تەنانەت لە نێو سۆسیالیستەکانیشدا لەسەر حوکمەکان ســـەبارەت بە ڕاســـتییەکان و بیرۆکەکان کاریگەری زۆری هەیە، وەک دەڵێت: "من بە ڕونی دەڵێم (تەنانەت لە نێو سۆسیالیستەکانیشدا) چونکە ئەم دەسەڵاتەی نەریت دیاردەیەکی زۆر بەربڵاوە کە هیچ لایەنێک، هیچ هێڵێکی بیرکردنەوە لێی ئازاد نییە و تەنانەت بە قوڵی دەچێتە ناو زۆربەی زانســـتەکانیشـــەوە، هەرچەندە ڕەنگە هەرگیز بە تەواوی ڕەگ و

ڕیشەی نەبێت، دەبێت هەمیشە کاتێکی دیاریکراو تێپەڕێت پێش ئەوەی مرۆڤەکان تا ئێستا ناتەبایی نەریت لەگەڵ ئەوەی کە هەیە بناسن، بەڵام تا ئەو کاتەی ئەمە ڕوودەدات نەریت بەزۆری بەهێزترین ئامراز بۆ بەستنەوەی ئەو کەسانە پێکدەهێنێت کە هیچ بەرژەوەندییەکی بەهێز و بەردەوام و کاریگەر و فشارێکی دەرەکی بەیەکەوە نایانبەستێتەوە"(Bernstein,1909:201)، بۆیە بۆ بێرنشتاین ئەو نەریتەباوەی لە پەیوەندییە چینایەتییەکان دەڕوانێت وەکو دو یەکەی دژ و دوژمن، حەتمەن کاریگەری بەسەر ئاراستەی کاری بزوتنەوە سۆسیالیستی و پرۆلیتارییەکانەوە دەمێنێت، بەڵام دۆخێکی هەمیشەیی نییە و بەپێی گۆڕانی کۆمەڵگاکان و نوێبونەوەی بەهاکان و پەیوەندییەکان لە سیستەمی سەرمایەداریدا و هاتنەئارای ئامرازە دیموکراسییەکان، ئەو نەریتانەش دەگۆڕێن.

بیرمەندانی سۆسیال دیموکرات کە هەڵگری هزری سۆسیالیستی بون بۆ گۆڕانی کۆمەڵگە و دەستەبەری مافەکانی پرۆلیتاریا، بەلای هەندێک بیرمەندەوە هەوڵەکانیان جێگەی گومانە، بۆنمونە (هۆبسباوم) پێیوایە ڕۆشنبیران ناتوانن وەک کرێکاران خۆیان غەمی مافەکانیان هەڵبگرن، بۆیە دەڵێت "ئەگەر بمانەوێت بە وردتر شوێنپێی کاریگەریی مارکسیزم بگرین، دەبێت جگە لە قەبارەی تەواوی حزبە کرێکاری و سۆسیالیستییەکان، دو گۆڕاوی سەرەکی لەبەرچاو بگرین، ئەوانیش: تا چەند ئەمانە خۆیان مارکسیست بون، تا چەند مارکسیزم بانگەوازی بۆ ئەو چینە کرد کە زیاتر لە هەمو چینەکانی تر غەمی تیۆرییەکەی هەبێت، ئەوانیش ڕۆشنبیرانن؟"(Hobsbawm,2011:216-217)، بۆیە دەکرێت گومان لە مارکسیستبونی ئەو پارت و کەسانەبکرێت کە پێیانوابو دەکرێت لەگەڵ ڕاگرانی سیستەمی سەرمایەداری بچنە کێبرکێی ئاشتیانەوە، دەکرێت گومانیش لە خواستی ڕۆشنبیران بۆ دەستەبەری ماف و بەرژەوەندی کرێکاران بکرێت.

**دووەم: دیتێرمینیزم و بەدیهێنانی سۆسیالیزم**

هزرەکانی مارکس دوای مەرگی مارکس بۆ بیرمەندان بونە جێگەی مشتومڕی زۆر، یەکەم بیرمەندی مارکسی۔ خودی فردریک ئەنگلسی۔ هاوڕێی مارکس و هاوبەشی بەشێک لە نوسینەکانی بو، ئەنگلس وەکو بیرمەندێکی مارکسیزمی ئەرسەدۆکسی۔ دەرکەوت کە لەڕێگەی تێکستەکانی مارکسەوە هەوڵی خوێندنەوەی کۆمەڵگەی دەدا، یەکێک لەو بیرۆکانەی بۆ ئەنگلس جێگەی سەرنج بو، یاسای پەرەسەندنی سروشت و مێژو و هزر بو، پرۆسە پەرەسەندنییەکان کە لە سروشتدا ڕودەدەن، پەیوەندییەکانی نێوانیان بەگشتی و گواستنەوە لە بوارێکەوە بۆ بوارێکی دیکە لەخۆدەگرن(Engels,1977:400)، بەمجۆرە هزری مارکسیزم بۆ گۆڕانی کۆمەڵگە بەرەو سۆسیالیزم گۆڕانی بەسەردا هات و بە گۆڕان و گەشەی سروشتیانەی کۆمەڵگەوە گرێدرا، بەمپێیە سۆسیالیزم ئەگەرێکی حەتمییە و لەبەردەممانە، کۆمەڵگا بەسروشتی خۆی ڕووەو پێشکەوتن و گەشەکردنە، چینە کۆمەڵایەتییەکان لە وەرچەرخان و گۆڕانی بەردەوامی پەیوەندییەکاندان ڕووەو کۆمۆنیزم، هاوشێوەی پەرەسەندنی گیانەوەران بەپێی دۆخی سازاوی سروشتی، کۆمەڵگە و چینە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندییەکانی ناوکۆمەڵگە و بەها و نۆرمەکانیش بەئاراستەی پەرەسەندن و گەشەکردنن، ئەمەش بەتەواوی لە هزری یەکێک لە بیرمەندانی مارکسیزمی ئەرسەدۆکسیدا دەرکەوت کە بریتییە لە کارل کاوتسکی، کاوتسکی لێکدانەوەکەی لەسەر بنەمای ئەو نزیکایەتییە دانا کە لە نێوان مارکسیزم و داروینیزمدا هەبوە(Barrett,2017:92)، هاوشێوەی بۆچونی ئەنگلس لە کتێبی ئەنتی دیورینگ(Anti-Dühring)دا، کاوتسکیش گەیشتن بە سۆسیالیزمی بە گەشەی سروشتیانەی کۆمەڵگەوە گرێدا.

ڕوانگەی بیرمەندانی دیتەرمینیستی هێڵێکی جیاکەرەوەی نێوان سۆسیالیزمی شۆڕشگێڕ و ڕیڤیزیونیزمە، بۆیە کاوتسکی پێیوایە کە هەرچەندە ڕەوا بێت، یان تەنانەت پێویست بێت، بۆ کرێکاران کە ڕێکخراوە کرێکارییەکان دابمەزرێنن بۆ

باشترکردنی بارودۆخی خۆیان بە کەمکردنەوەی کاتژمێرەکانی کارکردن و دەستەبەرکردنی گۆڕانکارییە تەندروستەکانی دیکە، بەڵام هەڵەیەکی قوڵ دەبێت ئەگەر وا بیر بکەینەوە کە ئەم جۆرە چاکسازییانە دەتوانن شۆڕشی کۆمەڵایەتی بن. بە هەمان شێوە، هەڵە ئەو تێڕوانینەیە کە مرۆڤ ناتوانێت دان بە سوودی چاکسازییە کۆمەڵایەتییەکان بنێت بەبێ ئەوەی دان بەوەدا بنێت کە پاراستنی کۆمەڵگا لەسەر بنەمای ئێستای پێویستە، ڕەنگە لە ڕوانگەی شۆڕشگێڕییەوە پشتیوانی لە چاکسازی بکرێت و چونکە وەک دەرکەوتوە، ڕەوتی ڕوداوەکان خێراتر دەکات(Kautsky,200:81)، بەڵام ڕیفۆرم و گۆڕانکارییەکانی ڕیڤیوزینیستەکان و هەمیش هەوڵە توندوتیژئامێزەکانی شۆڕشگێڕان ناتوانن وەڵام بەخواستی گۆڕانی سروشتیانەی کۆمەڵگەبن، ئەگەرچی کاوتسکی لەسەرەتاکانی سەدەی بیست دا و بەبینینی دۆخی سیاسی ئەڵمانیا کە بەرەوخراپبون و شڵەژانی زیاتر دەچو، پلانی شۆڕشی بۆ وڵات پێشنیارکرد(بشیریە،١٤٠٢: ٣٠)، پێیوابو ڕوخانی دیکتاتۆریەت لەڕێگەی شۆڕشەوە ئەگەری گەیشتن بە سۆسیالیزم خێراتر دەکات، هەرچەندە ئەگەر شۆڕش ببێتە هۆی هاتنەئارای دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا، پێیوابو شکستی دیکتاتۆرییەت هاوواتای دارمانی شۆڕش نییە، ئەگەر دیکتاتۆری بەلشەفی سەرەتایەک بێت بۆ دیکتاتۆرییەکی بۆرژوازیش، ئەوا دەستکەوتە جەوهەرییەکانی شۆڕش ڕزگار دەبن، ئەگەر دیکتاتۆرییەت بە هەل بە دیموکراسی جێگەی بگرێتەوە(Kautsky,1919:113)، بەڵام دواتر لەو بۆچونانەی پەشیمانبوەوە و پشتگیری لە سیاسەتی چاکسازی شۆڕشگێڕانە دەکرد، دژایەتی بەلشەفیکەکانی دەکرد، لەژێر کاریگەری تیۆری پەرەسەندنی داروین و کتێبی ئەنتی دیورینگی ئەنگلس دا لەڕوانگەی گەشەسەندنی سروشتییەوە لە گەشەکردنی مێژوییانەی کۆمەڵگەی دەڕوانی، هەروەها پێیوابو هەرچەندە پێویستە ڕۆڵ و کاریگەری مرۆڤ نادیدەنەگرین، بەڵام بەشێوە جەوهەرییەکەی پێویستە سەرنجمان لەسەر ڕۆڵی ئابوری بێت، چونکە ئابوری فاکتەرێکی کاریگەرە بەسەر ئیرادە و سروشتی بیرکردنەوەی مرۆڤدا(بشیریە،١٤٠٢: ٣١)، پێویستە مێژوی گەشەکردنی کۆمەڵگە و فاکتەری ئابوری بەپێی سروشتی گەشەکردنی خۆیان حەتمیەتی شۆڕشی سۆسیالیستی و وەرچەرخانی کۆمەڵگا ڕووەو سۆسیالیزم دەستەبەربکەن. هەروەها بیرمەندانی ئەرسەدۆکسیـ بەپشت بەستن بە ماتریالیزمی مێژویی مارکس هەوڵیاندا ئاراستەی بزوتنەوەی سۆسیالیستی و فاکتەرە کاریگەرەکانی گەشە و گۆڕانی کۆمەڵگە دەستنیشان و شرۆڤە بکەن کە یەکێک لە دیارترین بیرمەندانی ئەو ئاراستە هزرییە بریتییە لە گۆرگی پلێخانۆڤ کە لە باسی دووەمدا هەڵوەستەی لەسەر دەکەین.

لەکۆتایی ئەم باسەدا دەگەین بەو ئەنجامگیرییەی کە بیرمەندانی مارکسیـ بۆچونیان لەهەمبەر ڕێگە و چۆنیەتی بەدیهێنانی سۆسیالیزم جیاوازە، دو دیارترین بۆچون بریتین لە ڕێگەی شۆڕش و توندوتیژیانە لەگەڵ ڕێگەی ئاشتی و دیموکراسییانە و ڕیفۆرمیانە. بیرمەندانی سۆسیالیزمی شۆڕشگێڕ ئەگەرچی هاوڕان لە گرنگی ئامرازی شۆڕش بۆ دەستەبەری کۆمەڵگەی سۆسیالیستی و ڕوخاندنی سیستەمی سەرمایەداری، بەڵام بۆچونیان دەربارەی سروشتی شۆڕش جیاوازە. هەروەها بیرمەندانی سۆسیالیزمی میانڕەو وێڕای ڕەتکردنەوەی شۆڕش و توندتیژی بۆ بەدیهێنانی سۆسیالیزم، هاوکات لە ئامرازە پێویستەکانی بەدیهێنانی سۆسیالیزم بەڕێگەی ناتوندوتیژی جیاوازن، بیرمەندانی ڕیڤیزیۆنیزم جەخت لەسەر ئامرازی دیموکراسییانە و هەڵبژاردن و ڕێگەی پەرلەمان و ڕیفۆرم دەکەنەوە، لەکاتێکدا بیرمەندانی دێتەرمینیستی جەخت لەسەر سروشتی گەشەی کۆمەڵگە و حەتمیەتی شۆڕش و وەرچەرخانی کۆمەڵگە بەپێی ماتریالیزمی مێژویی مارکس دەکەنەوە.

## باسی دوەم: ڕوانگەی گۆرگی پلێخانۆڤ بۆ بەدیهێنانی سۆسیالیزم

بیرمەندی سۆسیالیستی و یەکێک لە ڕابەرانی هزری مارکسیـ لە سۆڤیەت، هاوکات ڕابەرو دامەزرێنەری سۆسیال دیموکراتی لەو وڵاتەیە کە دواتر دابەشبو بۆ (بەلشەفیک و مەنشەفیک)، هەروەها یەکێک لە ئەندامە چالاکەکانی

بزوتنەوەی پۆپۆلیزم ناسراو بە (نارۆدینک) بو لە دەیەی (١٨٧٠) کە بزوتنەوەیەکی سۆسیالیستی بو پێش بڵاوبونەوەی هزری مارکسیزم لە سۆڤیەت(بشیریە،١٤٠٢: ٤٢)، بەڵام دواتر دابەشبون لەناو ڕێکخراوەکەدا سەریهەڵدا بەهۆی ئەوەی بەشێک لە ئەندامانی ڕێکخراوەکە بڕوایان بە گرتنەبەری ڕێگەی تیرۆر هەبو بۆ گەیشتن بە سۆسیالیزم، پلێخانۆڤ لە ئۆکتۆبەری (١٨٧٩)ڕابەرایەتی دامەزراندنی ڕێکخراوی (تشیرنیی بیریدیل) (*Chërnyi Peredel* - )ی لەئەستۆگرت، کە بزوتنەوەی مارکسیزم و گروپی مارکسی. لە سۆڤیەت لەهەناوی ئەو ڕێکخراوەوە سەرچاوەی گرت، بەڵام دوای سێ مانگ کەوتنە بەر هێرشی پۆلیس و هەڵوەشایەوە، پلێخانۆڤ و بەشێک لەهاوڕێکانی هەڵاتن بۆ سویسرا و لەوێ و لەساڵی (١٨٨٣)یەکەمین ڕێکخراوی مارکسییان دامەزراند بەناوی (ڕزگاری هێزی کار) (باهیر،٢٠٢١: ٣٣)، لەوکاتە بزوتنەوەگەلی وەک پۆپۆلیزمیش لەئارادا بون، "پۆپۆلیستەکانیش هاوشێوەی مارکسیستەکان چاوەڕوانی هاتنی سۆسیالیزم بون، واتە هەردو گروپەکە وەکو یەک ئامانجیان گۆڕینی ڕیشەیی کۆمەڵگابو، تەنانەت هەندێک لەبیرمەندانی پۆپۆلیستی وەک (پیۆتەر لاڤرۆڤ - Pyotr Lavrov)، (میخایلۆڤسکی – Mikhailovsky) و (تکاچێڤ - Tkachev,) کەوتبونە ژێر کاریگەری بیری مارکسیستی، هەروەها پلێخانۆڤ هەوڵیدا لە جنێفەوە سەرکردایەتی گروپێکی پۆپۆلیستی میانڕەوتر بکات، بەڵام لەوکاتەدا گەیشتە ئەو باوەڕەی کە پۆپۆلیستەکان لەسەر ڕێڕەوێکی هەڵەن، بۆیە وازی لە پۆپۆلیزم هێنا و مارکسیزمی هەڵبژارد"(Copleston,1986:244).

پلێخانۆڤ بەهۆی دیدگا ڕیفۆرمخوازییەکانییەوە وەکو کارەکتەری سەرەکی بیری سۆسیال دیموکرات لە ڕوسیا ناوزەد دەکرێت، چونکە یەکەم پێشەنگی سۆسیال-دیموکراتی ڕوسیابو، وێڕای ناکۆکی نێوان پلێخانۆڤ و لینین، بەڵام لینین پلێخانۆڤ وەکو مامۆستای خۆی لە گەشەپێدانی هزری سۆسیالیستی وێنادەکات(Hook,1955,57-58)، دیارترین ئەو پرسانەی پلێخانۆڤ لە مارکسیزمدا شرۆڤەی کردون بریتین لە پێگە و ڕۆڵی پاسیڤی تاک لە کۆمەڵگەدا و کاریگەری تاک و کۆمەڵ لەبەدیهێنانی سۆسیالیزم لە مێژودا، ڕۆڵی هونەر و بەدیهێنانی سۆسیالیزم، ماتریالیزمی مێژویی و حەتمیەتی گۆڕانی کۆمەڵایەتی، کە لەخوارەوە هەڵوەستەیان لەسەر دەکەین:

### تەوەرەی یەکەم: ڕۆڵی تاک و کۆمەڵ لە بەدیهێنانی سۆسیالیزم

پلێخانۆڤ گرنگی بەرۆڵی کۆمەڵیانەی کۆمەڵگە دەدات و کاریگەری تاک بەکەم و بێرۆڵ دەبینێت، پێیوایە ڕۆڵی پاڵەوانانەی تاک لە ئاراستەکردنی ڕەوتی مێژودا کەمکاریگەرە، بۆ وەڵامی پرسیاری: ئایا تاک خاوەن ڕۆڵی تایبەتمەندییانەی خۆیەتی یاخود نەخێر بەشێکە لە ڕەوتی گەشە و وەرچەرخانی کۆمەڵگە و بەبێ تاکە کاریگەرەکانیش کۆمەڵگە هەر گەشەدار و ڕو لە گۆڕانە؟ پلێخانۆڤ لە کتێبی (ڕۆڵی تاک لە مێژودا) دەڵێت "مێژونوسانی پێشو، بەتایبەت مێژونوسانی فەرەنسی-نەیانتوانیوە دەربارەی ڕۆڵی تاک زۆرشت ڕون بکەنەوە، دەشێت بۆ سەردەمی خۆیان بۆچونەکانیان پەسەندکرابن، بەڵام داهاتو بۆ ئەو قوتابخانەیە کە دەتوانێت بەشێوەیەکی ورد ئەو پرسە شیبکاتەوە"(Plekhanov,1950:29)، کە مەبەستی ڕۆڵی هزری مارکسییە لە شرۆڤەکردنی ڕۆڵی تاک و کۆمەڵگە لەگەشەکردن و وەرچەرخانەکانی ناو کۆمەڵگەدا. پلێخانۆڤ لەلایەکەوە بەپشت بەستن بە هزری مارکسیزم و لەلایەکی تریشەوە بەهۆی ئەزمونی لەناو بزوتنەوەی نارۆدینکەکان و درککردنی بە شکستهێنان لە گەیشتن بەسۆسیالیزم بەڕێگەی تیرۆر و توندوتیژی تاکەکەسییانە کە ئەندامانی بزوتنەوەکە پشتیان پێدەبەست، پێیوابو کاریگەری تاکەکەس بەتایبەت توندوتیژی تاکەکەسی بۆ هەرەسپێهێنانی سیستەمی باو و باڵا زۆرمەحاڵە، پێیوابو ئەو بارودۆخانەش کە وا دەنوێنن کردەی دەستی تاکەکەسی جەنتڵمان بن، ئەوا لە ڕیشەکەیدا وانییە، هەرچەندە نابێت ڕۆڵی تایبەتی تاک نادیدە بگرین، بەڵام هەمیشە ڕۆڵی تاک ڕۆڵێکی لاوەکی و پەراوێزییە بەنیسبەت ڕۆڵی

کۆمەڵگە و گروپە کۆمەڵییەکانەوە، واتە دۆخێکی سازاوە کە دەرئەنجامی هۆکارگەلێکە و بارودۆخی کۆمەڵایەتی دەوروبەری تاکەکە فاکتەرێکی کاریگەرن بەســـەرییەوە، ئەوە بارودۆخە کۆمەڵایەتی و مێژوییەکەیە کەســـێک وەک پاڵەوان و کاریزما دەستنیشـان دەکات، هێزە کۆمەڵایەتییەکانی هەر سـەردەمێکی دیاریکراو کەسە جەنتڵمانەکەی ئەو سـەردەمە دیاریدەکەن و وەکو کەرەســتەی جوڵانی مێژو بەکاریدەهێنن(بشـیریە،١٤٠٢: ٤٣)، چونکە تاک بەبێ پشـتیوانی و هەماهەنگی لەگەڵ بزاوتە کۆمەڵایەتییەکاندا ناتوانێت کاریگەری لەســـەر ڕەوتی مێژو و ڕوداوە مێژوییەکان هەبێت. پلێخانۆڤ کاتێک باس لە کاریگەری هۆشیاری لەسەر گەشە و گۆڕانی کۆمەڵایەتی دەکات، ئەوا باس لە هۆشیاری مێژوییانەی کۆمەڵایەتی لەهەمبەر پرسی چینایەتی دەکات و گوزارشت لە ڕۆڵی کۆمەڵ دەکات نەوەک ڕۆڵی تاک، پێیوایە کاتێک مێژونوسانی سەدەی هەژدە هەوڵیانداوە مێژو وەک ئامرازێکی بەهێز بۆ دۆزینەوەی ڕاســتییەکان بێت، ئەوا ئەوان هاوســۆزی چینی نوێی بۆرژوازیەت بون دژی فیودالەکان و پیاوانی ئاینی(ڕۆحی)، بەڵام قوتابخانە مێژوییە تازەکان کە لە بیســـتەکانی ســـەدەی نۆزدەوە ســەریانهەڵدا، سـەردەمێک بۆرژوازیەت لە ململانێکانی پێشـویدا بەســەر چینی ئەریســتۆکراسـیەتدا سـەرکەوتبو، چینی ئەریســـتۆکراســـیەتیش هەوڵی گێڕانەوەی نەریتە کۆنەکانی دەدا، بۆیە مێژونوســـانی نوێ هۆشـــیارییان وەکو ئامرازی سەرکەوتنی چینەکان دیاریکرد(Plekhanov,1950:32-33).

لێرەوە بۆ پلێخانۆڤ هۆشـیاری لەئاســتی کۆمەڵدا نەوەک تاک هەم وەکو چەمکێکی کاریگەری گەشــەی کۆمەڵگا و هەمیش وەکو ئامرازێکی گرنگی ســـەرکەوتن لەململانێی چینایەتیدا دەردەکەوێت کە ڕۆڵی بەهێزی هەیە لەســـەرکەوتنی چینێک بەســـەر چینەکەی تردا، بەجۆرێک دەرئەنجامەکانی ئەو ململانێیە دەرخەری سروشـــتی داهاتوی ســـیســـتەمی کۆمەڵایەتی و جۆری وەرچەرخان و گۆڕانەکان دیاری دەکات کە ئاخۆ ڕو لەگەشـە و پێشکەوتنە یان گەڕانەوە بۆ نەریت و ڕابردوی ململانێکان، بەتایبەت بیرکردنەوەی فەلســەفییانە کە قوڵ دەچێتە ڕیشــەی کێشــەکانەوە، لەنمونەی کێشــەی چینایەتی و مافەکانی چینی پرۆلیتاریا، پێویسـتی بابەتیی شـۆڕشـێکی سـۆسـیالیسـتی و ئەو ڕۆڵە مێژوییەی کە بە پرۆلیتاریای دەیدات، گۆڕانکارییەکی ڕیشـەیی لە پێگە و ئەرکەکانی فەلسەفەدا دروست دەکات، پێشتر مارکس جەختی لەوە کردەوە کە فەلســـەفە تەنیا لە ڕێگەی پەیوەندییەکی هۆشـــیارانە و ئۆرگانیکەوە لەگەڵ ســـیاســـەتدا دەتوانێت ببێتە زانســـتی ڕاســـتەقینە(Oizerman,1981:210-211)، بەڵام بۆ پلێخانۆڤ تەواو گرێدراوی پرسی هۆشـــیاری کۆمەڵایەتی و ڕۆڵی کۆمەڵییانەی بزاوتەکانە لە ڕێڕەوی وەرچەرخانی مێژوویی چینی پرۆلیتاریا بەرەو سۆسیالیزم.

بەوپێیەی چەمکی شـۆڕش گوزارشـتە لە کردەی دەسـتەجەمعی و ڕۆڵی کۆمەڵ بنەمای شـۆڕشـە نەوەک تاک، خودی شـــۆڕشـــیش لای پلێخانۆڤ ئاماژەیە بۆ پرۆســـەیەکی کۆمەڵایەتی مێژویی و ئابوری ڕیفۆرمیانە، نەوەک گوزارشـــت بێت لەکردەی توندوتیژی، بۆیە دەبینین شـــۆڕش بە کۆمەڵی خەڵکەوە گریدەدات، پلێخانۆڤ کاتێک باسی لە پەیوەندی نێوان خەڵک و شـۆڕشـگێر دەکرد، پێیوابو پەیوەندی نێوان شـۆڕشـگێڕان و خەڵک بەجۆرێکە کە شـۆڕش کاروباری کۆمەڵی و جەماوەرییە. مێژو ئامادەیان دەکات، واتە شـــۆڕشـــگێڕان مافی ئەوەیان نییە کۆنترۆڵی هیچ شـــتێک بکەن، بەڵکو تەنیا دەتوانن ئامرازی مێژو بن، ئامرازی دەربڕینی خواســـتەکانی خەڵک بن، ڕۆڵی ئەوان تەنیا لە ڕێکخســـتنی خەڵک بەناوی ئاوات و داواکارییەکانی و پێشـــخســـتنی لە هەوڵی هێنانەدییاندا پێکدێت، بۆ ئاســـانکاری و خێراکردنی ئەو پرۆســـەی شـۆڕشـگێڕییە، کە بەپێی یاسـا بەرگە نەگیراوەکانی مێژو لە ئێسـتادا ڕودەدات، لە دەرەوەی ئەو ڕۆڵە ئەوان هیچ نین، تەنها لەناو هۆکارە کاریگەرەکاندا یەکێکن لە بەهێزترین هۆکارەکانی مێژو(White,1996:299)، مێژو نەوەک هەر تەنها تاکەکان دەکات بە پاڵەوانی خۆی و وەکو ئامرازی گۆڕان لەمێژودا بەکاریان دەهێنێت، بەڵکو شـــۆڕشـــگێڕانیش وەکو کەرەســـتەی

وەرچەرخانی خۆی دەبینێت کە بژاردەیەکی ناو جەماوەرن و خواســـت و مەیلی مێژو جێبەجێ دەکەن، بەڵام ئەو بۆچونە بەو مانایە نییە کە پێمانوابێت نابێت چالاکی سیاسی ئەنجام بدەین و هۆشیاری شۆڕشگێڕی و هەوڵ بۆ گۆڕان پەراوێز بخەین و چاوەڕێی مێژو بکەین، چونکە وەک پلێخانۆڤ پێماندەڵێت لەوکاتەدا (مەبەست ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیە) دو بۆچون هەبون لەهەمبەر پێویستی چالاکی سیاسی، سۆسیالیستەکانی ڕوسیا زیاتر سەرقاڵی شیکاری هزری و تیۆری بون و چالاکی سیاسییان بە زیانبەخش دەزانی، هەروەها سۆسیالیستەکانی ئەوروپاش بەجۆرێک لەجۆرەکان سەرقاڵی شیکاری هزری بون، لەناویاندا لایەنگرانی (پرۆدۆن - Proudhon) داوای خۆبەدورگرتن لەچالاکی سیاسیان دەکرد و پێیانوابو تا دوای ئەنجامدانی شۆڕش پێویستە سۆسیالیستەکان لەهەر کردەیەکی سیاسی خۆیان بەدور بگرن، هەروەها پێیانوابو شۆڕشی سیاسی ئامانجە و شۆڕشی ئابوری ئامرازە، هەربۆیە ویستیانبو کە لە نارەزایی ئابورییەوە دەستپێبکەن، لەســـەر ئەو گریمانەیەی کە لەهەلومەرجی ئەوکاتەدا چالاکی ســـیاسی بێ ڕۆڵ و زیانمەندە بۆیان، دەســـتور و یاســـاکان ئامرازێکن بۆ ڕێکخستنی بۆرژوازیانە، لەبەرامبەردا ئاراستەیەکی تری سۆسیالیستی هەبون کە بەوردی هەڵوەستەیان لەسەر ئەرکی سیاسی چینی کرێکاران دەکرد، هەروەها لەوکاتەدا مارکس لەنوسینێکدا پشتیوانی چالاکی سیاسی دەکات و پێیوابو بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی جیاواز نییە لەبزوتنەوەی ســـیاسی، هەرگیز بزوتنەوەیەکی ســـیاسی نییە کە لەهەمان کاتدا کۆمەڵایەتی نەبێت، هەروەها مارکس و ئەنگلس لە مانفێســـتۆی پارتی کۆمۆنیســـتدا دەگەڕێنەوە ســـەر هەمان خاڵ و پێیانوایە کە هەمو خەباتێکی چینایەتی خەباتی سیاسییە(Plekhanov,1885:77-78).

واتە بۆ پلێخانۆڤ وێڕای کاریگەری مێژو و دۆخی ســازاوی گۆڕان، بەڵام لەهەمان کاتدا چالاکی سـیاسـیش کاریگەر و ئاراستەکاری وەرچەرخانە ڕووەو سۆسیالیزم، دەکرێت چالاکییەکان چالاکی سیاسی ڕوت یان چالاکی ئابوری و کۆمەڵایەتی و چینایەتی بن، کە دواجار ئەوانیش هەر چالاکی سـیاسی و هەڵگری ڕەهەندی چاکسـازی و گۆڕانی سـیاسـیین. هەروەها ڕەتکردنەوەی بەشـێک لە مارکسـیسـتەکان بۆ کردەی سـیاسی، لە تێگەیشـتنیان لە چەمکی مارکس بۆ بنەما و بونیادە ئابورییەکان سەریهەڵدا. بەو پێیەی مارکس دەڵێت، کایە سیاسی و یاساییەکان بە هۆی ئابورییەوە مەرجدار بون، ئەمەش ئەوە بەدوای خۆیدا دەهێنێت کە گۆڕینی سیستەمی ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و یاسایی تەنیا بە گۆڕانکاری لە بنەمای ئابوریدا دەتوانرێت بێتە ئاراوە، لە کاتێکدا گۆڕانکاری لەبنەمای ئابوری دەتوانێت پێکهاتەی ســیاسی بگۆڕێت و پێچەوانەکەی وا نەبێت، واتە کردەوەی ســیاسی بێدەســەڵات دەبێت لەهەمبەر کاریگەری لەســەر بنەما ئابورییەکان(White,1996:297-298). ئەنگلسـیش هاوشـێوەی بۆچونی پلێخانۆڤ و بەشـێک لە سـۆسـیالیسـتەکانی دیکەی ئەو قۆناغە جیاوازی لە نێوان شۆڕشی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا دەکات، پێیوایە شۆڕشە سیاسییەکان دەسەڵاتێک (یان فۆرمێکی حکومەت) بۆ دەسەڵاتێکی دیکە و فۆرمێکی تری حکومڕانی دەگۆڕن، بەڵام شـۆڕشی کۆمەڵایەتی لە بنەڕەتدا ئەرکی گۆڕینی بارودۆخی ژیانی مرۆڤ و کۆتاییهێنان بە هەژاریی جەماوەرییە، دەشـڵێت شـۆڕشـێکی لەوچەشـنە بۆ ئینگلتەرا حەتمییە، بەڵام وەک لە هەمو ئەو شـتانەی لەوێ ڕوودەدەن، بەرژەوەندییەکان دەبن نەک پرەنسـیپەکان کە شـۆڕش دەسـتپێدەکەن، پرەنسـیپەکان دەتوانن تەنها لە بەرژەوەندییەکانەوە گەشـە بکەن، واتە شـۆڕشـەکە کۆمەڵایەتی دەبێت، نەک سـیاسی(Oizerman,1981:158)، چونکە شـۆڕشی کۆمەڵایەتی هەڵگری جەوهەری بەرژەوەندییە ئابورییە کۆمەڵێییەکانە. ئەمەش گرنگی ڕۆڵی ئابوری لەگەشـەی کۆمەڵایەتی و سـیاسـیدا دەردەخات، هەرچەندە ئەو دیدگایە بۆهەندێک لەنوسەران وەکو بیرکردنەوەیەکی تاکڕەهەندیی و یەکئاراستەیی وێنا دەکرێت و ڕەخنەی یەکلایەنیی لەمارکس ومارکسـیسـتەکان دەگرن کە گوایە ڕۆڵی ئابوریان کردوەتە ڕۆڵێکی کاریگەر و بونیادیی، بەڵام پلێخانۆڤ پێیوایە ئەو نوسـەرەی ڕەخنەیەکی لەو چەشـنەی هەیە ئەوا جگە لە پەیوەندی بەو هێزە کۆمەڵایەتییانەوە کە گەشـە دەکەن و

کاریگەرییان لەسەر ئاراستەی دوای خۆیان هەیە، هیچ لێکۆڵینەوەیەکی لەمەڕ ڕۆڵی پێشکەوتنی ئابوری نەکردوە، چونکە هەرکات بارودۆخێکی تایبەتی ئابورییمان زانی، ئەوا هەندێک هێزی کۆمەڵایەتی دەناسین کە کارەکانیان کاریگەری لەسەر گەشەسەندنی ئەو دۆخە دەبێت، بۆنمونە ئێمە دۆخی ئابوری ئینگلتەرا لەسەردەمی کەڵەکەبونی سەرمایەداری سەرەتاییدا دەناسین، پاشان ئەو هێزە کۆمەڵایەتیانە دەناسین کە لەو سەردەمەدا لە پەرلەمانی ئینگلیزیشدا ئامادەییان هەبو، کردەوەی ئەو هێزە کۆمەڵایەتیانە مەرجی پێویست بو بۆ پەرەسەندنی دواتری ئەو دۆخە ئابورییەی کە باسی لێوە دەکرێت، لە کاتێکدا ئاراستەی کردارەکەیان بە تایبەتمەندییەکانی ئەم دۆخەی تیایدابون، دیاری دەکرا(بليخانوف،١٩٨١: ٢٧٥-٢٧٦)، واتە ڕاستە بناغەی پەیوەستەگی دۆخی ئامادەگی و باون، بەڵام لەژێرکاریگەری گەشە و جۆری ئابوریدا دەبنە بنەمای هێنانەئارای دۆخی کۆمەڵایەتی نوێ و جیاواز.

### تەوەرەی دوەم: ئیستاتیکای هونەری و بەدیهێنانی سۆسیالیزم

یەکێکی تر لەو پرسانەی پلێخانۆڤ لە بەدیهێنانی سۆسیالیزمدا هەڵوەستەی لەسەر کردوە، بریتییە لە بابەتی هونەر و ئیستاتیکا، پرسی ئیستاتیکا لەدەرەوەی هونەری بۆرژوازییانە و بەهادارکردنی لەدەرەوەی نرخاندنی لەسەر بنەمای پارە، یەکێکی ترە لەباسە جێسەرنجەکانی پلێخانۆڤ، پلێخانۆڤ هونەر لە واقیع و لەناو کۆمەڵگاکادا شرۆڤە دەکات، وەک (دەیڤد سکۆڵ - David Sockol ) دەڵێت: "لە تێزەکەمدا دەڵێم ئەو بیرۆکانەی لە تیۆری مارکسیستیدا سەبارەت بە هونەر و پەرەپێدانی لەلایەن تیۆریزانی کاریگەری ڕوسی پلێخانۆڤەوە هەیە، دەبێ لە بناغە فیکرییەکانی دوکتۆرینی ڕیالیزمی سۆسیالیستیدا هەژمار بکرێت"(Sockol,2011:III)، چونکە لەناواخنی واقیعییەتی ڕێبازی سۆسیالیزمەوە هاتوەتە بون. ئایدیالی جوانی کە لە هەر سەردەمێکدا و لە هەر کۆمەڵگایەک یان چینێکی کۆمەڵگادا زاڵبێت، بەشێکی ڕەگ و ڕیشەی لە بارودۆخی بایۆلۆژی گەشەسەندنی مرۆڤایەتیدا هەیە، کە بە ڕێکەوت تایبەتمەندی ڕەگەزی جیاکەرەوەش بەرهەمدەهێنن و بەشێکیش لەو بارودۆخە مێژوییانەی تێدایە کە کۆمەڵگا یان چینە پێدراوەکە تێیدا سەریهەڵداوە، بۆیە هەمیشە ناوەڕۆکێکی زۆر دەوڵەمەندی هەیە کە ڕەها نییە، بێ مەرج نییە، بەڵکو تەواو تایبەتە، واتە ئەو کەسەی کە (جوانی پاک) دەپەرستێت، بەو هۆیەوە سەربەخۆ نابێت لەو بارودۆخە کۆمەڵایەتییە بایۆلۆژی و مێژوییانەی کە سەلیقەی جوانکارییەکەی دیاریدەکەن، تەنیا کەم تا زۆر بە ئاگادارییەوە چاوەکانی لەم بارودۆخانەدا دادەخات، بەنمونە ئەمە لە ڕۆمانسیستەکانی وەک (تیۆفیل گۆتییێر)دا دەردەکەوێت، کە پلێخانۆڤ لەبارەیانەوە دەڵێت بەرژەوەندی تایبەتی نوسەرەکەیان لە شێوەی بەرهەمە شیعرییەکاندا لەگەڵ بێباکییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکەیدا لە پەیوەندییەکی هۆکارانەدا وەستابو(Plekhanov,1957:28)، بەجۆرێک نوسەر چاوەکانی لەئاست کۆی نەهامەتییە کۆمەڵایەتییەکان داخستوە بەو مەبەستەی بگات بە دەقێکی ئیستاتیکی، ئەمەش جۆرێکە لە هونەری بۆرژوازییانە کە پلێخانۆڤ ڕەخنەی دەکات.

پلێخانۆڤ پێکەوەپەیوەستییەکی مێژوویی هەمەکی دەسازێنێت لەنێوان مێژوی هونەر و مێژوی گۆڕان و گەشەی ئابوریدا، بەواتایەکی تر دەرکەوتن و فرەشێوەیی و پەراوێزکەوتنی هونەرە جیاوازەکان لەڕێگەی گۆڕانی چەشنەکانی بەرهەمهێنانەوە شیدەکاتەوە، بۆنمونە هونەری سەرەتایی جوانییەکەی خۆی و سەرنجڕاکێشییەکەی پەیوەستبو بە بەها و نرخی خەیاڵییانەی ئەو کەرەستە و شتانەی لە دروستکردنیدا بەکار هاتبون، واتە هونەر و ئیستاتیکا پتر وەک بەشێک لەژیانی ئابورییانە دەهاتنە ئەژمار(بشيريه،١٤٠٢: ٤٥)، نەوەک پرسێکی جوانی بەهادارانەی واتایی و ئیستاتیکی ئافرێنەرانە، بەرزی ئاستی هونەری بەواتای بەرزی ئاستی داهێنەرانە و بەهرەدارانە نەبو، بەڵکو بەپێی بەها و نرخی خشڵ و کەرەستە گرانبەهاکانی دەبوە جێسەرنج و بەهونەری مەزن دادەندرا. بەنمونە بەرهەمی وەستاکانی (سەدەی ١٦)ی ئیتاڵی

بەراورد بە بەرهەمەکانی هەمو وەستاکانی پێشوتر کارێکی هونەری ڕەها(absolute art) زیاتر نەبون، هونەری لەو شێوەیە لە هیچ شوێنێکدا بونی نەبوە. چونکە هەمو ئایدیالیستەکان تێڕوانینێکی هەڵەیان هەبو سەبارەت بە ڕەوتی ڕاستەقینەی گەشەسەندنی جوانکاری مرۆڤ(Plekhanov,1957:27-28)، کە گرێدراوی نرخی ئابوریيانەی کەرەستەکان بون.

هەروەها بۆ پلێخانۆڤ هونەر وەک چەمکی بنەڕەتی ئیستاتیکی مارکسیستی، ڕەنگدانەوەی هۆشیارییە و لە کۆتاییدا بە مەرجی کۆمەڵایەتی و ماددی مەرجدارە، سەرەتا هونەر خۆی تەنها وەک ڕوانگەیەکی وەسفکەر و شیکاری بۆ ئیستاتیکا دەخاتە ڕو، بەڵام بنەما فراوانەکانی تیۆری مارکسیستی و کاریگەرییەکانی دەتوانێت وەرچەرخانی هزریانەی هونەر بۆ پرسی ئاگایی ئاراستە بکات، بە تایبەتی ئیستاتیکای مارکسیستی بە گریمانەکردنی ئەوەی کە هونەر ڕەنگدانەوەی هۆشیارییە، هونەر وەک ڕەنگدانەوەی هۆشیارییەکی ئایدیۆلۆژی و درۆینە، تێڕوانینێکی تەمومژاوی و هەڵە لێکدانەوە بۆ جیهان کە لە نەزانی و بەرژەوەندی چینایەتییەوە سەرهەڵدەدات، دادەنێت. هەروەها بەوپێیەی تیۆری مارکسیستی دیدێکی تایبەتی بۆ کۆمەڵگا و گەشەسەندن لەخۆگرتوە، لەسەر بنەمای خەباتی چینایەتی و ئیرادەی ئابوری و شۆڕشی پرۆلیتاری، کە دەتوانرێت ئەو دیدگایانەی لە هونەردا خراوەتەڕو، بەراورد بکرێت و حوکمیان لەسەر بدرێت(Sockol,2011:4)، بەجۆرێک ئاراستەی هزرییانەی هونەر و ئەو پەیامەی هەڵیگرتوە دەستنیشانبکرێت کە ئاخۆ تا چ ئاستێک دەچێتە خزمەت خەباتی پرۆلیتاری و ئامانجەکانی بزوتنەوەی سۆسیالیستی.

پلێخانۆڤ لە کتێبەکەیدا (هونەر و ژیانی کۆمەڵایەتی)پێماندەڵێت ئەم فۆرمەی هونەر دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی هەژدە و قۆناغی پێش شۆڕشی فەرەنسی، لەو کاتەدا هونەرمەندە پێشکەوتوخوازەکان جۆرێک ناکۆکیان لەگەڵ کۆمەڵگەی باوی ئەو سەردەمەدا هەبو، بەهۆی ناکۆکی نێوان نەوەی تازە و نەوەی کۆن و مەحاڵبونی هەماهەنگی و ئاشتەوایی نێوان نەوەکان جۆرێک لە بێهیوایی و نائومێدی سازاندبو، لەنمونەی ناتەبایی نێوان ڕۆمانسیستەکان و کۆمەڵگای بۆرژوازی، لە کاتێکدا کەسانی وەک (دەیڤد) و هاوڕێکانی داوای هەڵوەشاندنەوەی نەزمی کۆنیان دەکرد، بەڵام (تیۆفیل گۆتیێر) و هاوکارەکانی هیچ نارەزایەتییەکیان بەرامبەر بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە بۆرژوازییەکان نەبو، تەنها ئەوەیان دەویست کە سیستەمی بۆرژوازی واز لە بەرهەمهێنانی خوی بۆرژوازی ناشرین بهێنێت، هەروەها دوای ئەوەی زۆرێک لە هونەرمەندانی فەرەنسی لەسەر بنەمای دیدێکی پێشکەوتنخوازانە تیۆری (هونەر لەپێناو هونەر)یان ڕەتکردەوە و بەشتێکی بێمانایان دانا، لەبەرامبەردا ئەو کارە هونەرییانە دەرکەوتن کە تەرخانبون بۆ پێشخستنی ئامانجە کۆمەڵایەتییە دیاریکراوەکان، تەنانەت هەندێک ئەدیب لەو کارانە پەشیمانبون کە تیایاندا خۆیان بواردبو لە پرسە کۆمەڵایەتی و سیاسی و نیشتمانییەکان(Plekhanov,1957:15,21)، ئەمەش سەرەتایەکی جیاوازبو لە مێژوی هونەر ڕوەو پرسە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتییەکان.

بەم پێیە چوارچێوەیەکی ڕەخنەگرانە بۆ هەڵسەنگاندنی هونەر لە ئیستاتیکای مارکسیزمدا لەلایەن پلێخانۆڤەوە پەرەی پێدراوە و بەکارهێنراوە بۆ ڕوانگەیەکی ڕێنماییکارانە بۆ هونەر، (سکۆڵ) ناوی ناوە (ئەرسەدۆکسی.گەشەسەندو)ی خۆیی، کە بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش پێشبینی ڕیالیزمی سۆسیالیستی دەکات. پلێخانۆڤ بە کەڵک وەرگرتن لە دیدگا و دونیابینی چەمکە مارکسیستەکان بۆ کۆمەڵگا، چەندینجار ڕەخنەی لە هونەری بۆرژوازی گرت، لە دراما دژە پرۆلیتاریاکانەوە تا ئەزمونە فۆرمالیستییەکانی هونەری مۆدێرن، بەهۆی ئەوەی ڕەنگدانەوەی تێڕوانینێکی ئایدیۆلۆژیین بۆ جیهان، داوادەکات هونەر و پەیامەکانی هەڵگری ڕوانگەیەکی مارکسیستیانە بن، بەجۆرێک پەیامی سۆسیالیستی لەلایەن هونەرمەندانەوە و لە هونەرەکەیاندا ڕەنگبداتەوە، جگە لەوەش، پلێخانۆڤ تێڕوانینی مارکسیزمی بۆ کۆمەڵگا وەک ئەوەی

ســـەرقاڵی ململانێی چینایەتییە جێگیر کرد، بۆ ئەوەی بڵێت لایەنێکی حەتمی و ســـودبەخش لەم پرۆســـەیەدا بۆ ڕێبازێکی سودمەندانە کە لە بەرژەوەندی هونەردایە بریتییە لە شێوەپێدانێکی ئیستاتیکیانە بە ڕوی دەرەوەی شتەکان و پرۆسەکان، لە کاتێکدا خۆی هاتە ســـەر پشـــتگیریکردنی هونەر کە خزمەت بە ئامانجێکی دیداکتیک دەکات، بەم شـــێوەیە لە دوژمنایەتییەکەی لەگەڵ هونەری بۆرژوازی هاوچەرخدا، بەو ئاکامە گەیشـــت کە ئیســتاتیکای هونەری گرێدراوی پەیامە هۆشیاری و چینایەتییەکەیەتی کە تاچەند پەیوەستبێت بە بەرژەوەندی سۆسیالیستییانەی کۆمەڵگەوە، ئەوا تا ئەو ئاستە دەتوانێت خاوەن بەهای جوانی و هونەرییانە بێت. هەروەها پێیوایە هونەر دەبێت لە فۆرمدا واقیعی بێت و جیهانبینییەکی تایبەت نیشـان بدات کە سـەنتەری پرۆلیتاریا بێت، پلێخانۆڤ هاوشـێوەی ڕیالیزمی سـۆسـیالیسـتی پاڵپشـتی لە هونەری سـودمەندانە دەکرد کە خزمەت بە ئامانجێکی دەرەوەی ئیسـتاتیکی دەکات، لەگەڵ پشـتگیریکردنی پلێخانۆڤ بۆ هونەری دیداکتیک و ئیلهامبەخش کە (پشــتیوانی گەشــەســەندنی هۆشــیاری مرۆڤ دەکات) و ڕەنگدانەوەی ئامانجی بنیاتنەر و گۆڕینی ڕیالیزمی سـۆسـیالیسـتی بو(Sockol,2011:4-117)، بەڕێگای هۆشـیارانەی هەڵگرتو لەناواخنی هونەردا، ئەمەش واتای گرێدراوی پتەوی نێوان ئیسـتاتیکا و ئاگایی مرۆیی دێت، ئیسـتاتیکای هونەر دەبێت هەڵگری پەیامێکی هۆشـیارانەی کۆمەڵایەتی و خودی بێت و شـــوناس بەتاک ببەخشـــێت لەو واقیعەدا کە تیایدا دەژی و هاوکات دەرگیری بونیادە ســـایکۆلۆژییە چەســـپاوەکانیش بێت کە خودنامۆیی ئیگۆیی لە زیهنیەتی تاک لەهەمبەر واقیعدا دروســـتدەکەن، لەم ئارگیومێنتانەدا، وەک خوێنەر دەیبینێت، پێش هەمو شـــتێک، ئەو بیرۆکەیەی پێشـــتر ناسراوە بەوەی ئیگۆی ئێمە (تاکە واقیع)ە، دەگۆڕێت. پلێخانۆڤ لەســـەر زمانی (گلیز و مێتزینگەر) دوپاتی دەکاتەوە کە هیچ شـــتێک لەوە دورتر نییە لە بیرکردنەوەمان لەوەی گومان لە بونی شـــتە دەرەکییەکان بکەین، بەڵام بە بەخشـــینی بون بە جیهانی دەرەکیمان، دەبێتە دەرخەری ئەوەی هیچ شتێکی ڕاستەقینە نییە جگە لە ئیگۆی خۆمان(Plekhanov,1957:64)، چونکە بونی سوبێکت لە جیهانی دەرەکیدا و لەدەرەوەی نامۆبون دەبێتە ئاگایی ئیسـتاتیکی کە بنەمای کۆمەڵگای سـۆسـیالیسـتی گەشـەسـەندوی داهاتومانە.

## تەوەرەی سێیەم: ماتریالیزمی مێژویی و حەتمیەتی گۆڕانی کۆمەڵایەتی

ئاراسـتەی دێتەرمینیسـتی و حەتمیەتی گۆڕانی کۆمەڵگا بەرەو سـۆسـیالیزم شـێوازی تێڕوانینی بیرمەندانی مارکسـیسـتی ئەرسـەدۆکسی- بو بۆ وەرچەرخانی کۆمەڵگە ڕوەو سـۆسـیالیزم کە پێیانوابو کۆمەڵگە بەپێی گەشـەی مێژوییانەی خۆی و سـەرمایەداری بەپێی سروشـتی خۆلەناوبەری خۆی دەبنە هۆکاری هاتنەئارای سـۆسـیالیزم، ماتریالیزمی مێژویی و حەتمیەتی گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە فیودالیەوە بۆ سـەرمایەداری و پاشـان سـۆسـیالیزم، بۆ بەشـێکی زۆری بیرمەندانی مارکسی- وەک حەقیقەتێک مامەڵەی لەگەڵدا دەکرا و بڕوایان بە هیچ گۆڕانێک لەو حەتمیەتە نەبو، هەربۆیە بەشـێکی زۆری بیرمەندانی مارکسی- لە ڕوسـیا پێیانوابو کۆمەڵگەی ڕوسی هێشـتا نەچوەتە قۆناغی پیشـەسـازی و سـەرمایەدارییەوە و هێشـتا کۆمەڵگەیەکی جوتیارییە، بۆیە دەبێت سـەرەتا ڕوەو پیشـەسـازی و سـەرمایەداری هەنگاو بنرێت، ئینجا هەوڵبدرێت بۆ دەستەبەری بنەماکانی سۆسیالیزم، پلێخانۆڤ وێڕای باوەڕی بەحەتمییەتی گۆڕانی کۆمەڵگا ڕوەو سۆسیالیزم بەپێی تیۆرەی ماتریالیزمی مێژویی مارکس، هاوکات ڕەخنەی لە بۆچونی نارۆدینکەکان هەبو کە پێیانوابو دەکرێت سیستەمی سۆسیالیستی لەناو وەرزێر و جوتیاران و لەسەر بنەمای هاوبەشێتی زەوییە کشتوکاڵییەکان بونیادبنرێت، تەنانەت ئەو کاتانەی بەشێکبو لە نارۆدینکەکان و وتاری بۆ کرێکارانی کارگەکان دەخوێندەوە، بانگەشـــەی شـــۆڕشی کۆمەڵایەتی کرێکارانی دەکرد بەهۆی ئەوەی پیشـــەســـازی لەناو بەشـــێکی زۆری شـــارەکاندا دامەزرابو و گەشـــەی دەکرد، هەروەها ژمارەی کرێکارانیش ڕو لە

هەڵکشـــانبو، بۆیە ئەم پاڵنەرە ببوە هۆی ئەوەی کە جیهانبینی خۆی لەســـەر بنەمایەکی بابەتیی تۆکمە دابمەزرێنێت کە وایکرد پلێخانۆڤ زیاتر لە هاوڕێ پۆپۆلیستەکانی جەخت لەسـەر پۆتانسـێلی شـۆڕشـگێڕانەی چینی کرێکاری پیشـەسازی ڕوســـیا بکاتەوە، لە چالاکییەکانی نێوان کرێکارانی ســـانت پترســـبۆرگدا، ئەو ئەنجامەی بەدەســـتهێنا کە پرسی کرێکارانی شارەکە پەیوەستە بە بڕیارە پێشوەختەکانی تیۆری شۆڕشگێڕان لەپەیوەست بە ماف و ڕۆڵی کرێکاران، بەڵام ئەم بۆچونەی پلێخانۆڤ نەبوە هۆی ئەوەی واز لە ڕۆڵ و کاریگەری بزوتنەوەی جوتیاران بهێنێت بەڵکو گرنگی شـۆڕشـگێڕانەی کرێکاران بەســـترابوەوە بە پەیوەندی ســـۆزدارییان بە خاکەوە و تەنانەت وەک "ڕۆشـــنبیرترین نوێنەرانی جوتیاران" پۆلێن کرابون، بەڵام هەر لە هەمان کاتدا پلێخانۆف پێداگری لەســـەر ئەوە دەکرد کە شـــۆڕشـــگێڕان دان بە بونی کرێکاراندا بنێن وەک دیاردەیەکی بابەتیی ســـەربەخۆ، بۆیە لە کاتی ڕەخنەگرتن لە هەوڵەکانی ڕابردوی هاوڕێ پۆپۆلیســـتەکانیدا ڕایگەیاند: دەبو مرۆڤ مامەڵە لەگەڵ کرێکارانی شـــار بە گشـــتی بکەن، بەدوای ئامرازێکدا بگەڕێن بۆ ئەوەی کاریگەری لەســـەر تەواوی جەماوەرەکەیان هەبێت و ئەمەش مەحاڵ بو تا ئەو کاتەی بنەمایەک بۆ دامەزراندنی خەباتی کرێکاران لە کارگەکاندا پێکهات(Haimson,1996:34-35)، واتە کرێکاران لەناو کارگەکان بەپێی ڕایەڵێکی پێکەوە پەیوەستی سۆسیالیستییانە ببنە داینەمۆی شۆڕشی سۆسیالیستی و گۆڕانی کۆمەڵایەتی.

بە گەڕانەوە بۆ ماتریالیزمی مێژوویی مارکس و لەســـەر بنەمای پێویســـتی هاتنەئارای ســـۆســـیالیزم، پلێخانۆڤ پێیوایە کۆمەڵگەی ڕوسی کۆمەڵگەیەکی جوتیاری نائامادەیە بۆ شـــۆڕشی کۆمەڵایەتی ڕوەو ســـۆســـیالیزم، بۆیە پێچەوانەی ئەو بانگەوازەیە کە داوا لە جوتیاران دەکات بۆ شـــۆڕش، پێیوایە جوتیارانی ئەوروپای خۆرئاوا بێباکبون لەئاســـت مافە ڕاســـتەقینە و ڕەواکانی خۆیان، بۆیە دەبینین لە ئەوروپای خۆرئاوا ســـۆســـیال دیموکراتەکان بانگەواز بۆ جوتیاران ناکەن، بەڵکو بانگەواز بۆ پرۆلیتاریا دەکەن، چونکە پێیانوایە ئەگەری شـــۆڕشـــگێڕبون لەناو جوتیاراندا لاوازە، بۆیە جوتیاران بەچونە پاڵ پرۆلیتاریا بەرگری لە داهاتوی خۆشیان دەکەن(Plekhanov,1885:59)، واتە داوای کاری شـۆڕشـگێڕی لە جوتیاران ناکەن، بەڵکو داوای کاری شـــۆڕشـــگێڕی لە کرێکاران و داوای (پشـــتیوانی جوتیاران لەکرێکاران) دەکەن، واتە کرێکاران وەکو پێشـەنگ و داینەمۆی سـەرەکی شـۆڕش دەبینن، ئەمەش بۆ پلێخانۆڤ پێویسـتی وەرچەرخانی کۆمەڵگەی ڕوسییە بەرەو سۆسیالیزم لەمیانەی گەشـەکردنی ئابورییانەی سـەرمایەدارییەوە نەوەک تێپەڕاندنی کۆمەڵگەی کشتوکاڵی بەرەو ســـۆســـیالیزم بەڕێگەی شـــۆڕشی چەکدارییەوە، لەکاتێکدا جوتیاران بەهۆی پابەندبونیان بە زەوییەکانیانەوە و نیشتەجێبیونیان بە تەریکیی و لەناوچە دور و جیاوازەکان، نەیانتوانیبو هۆشیاری چینایەتی و کۆمەڵایەتی خۆیان بەدەست بهێنن، بۆیە گەشـەسـەندنی هۆشـیاری چینایەتی کە پلێخانۆڤ داوای دەکرد لەم قۆناغەدا وەک هەوڵێکی فیکری، وەک ئاسـمیلەکردنی ئەو بنەمایانە سـەیر دەکرا کە مانا و ڕێکوپێکییان هێنایە ناو ڕەوتی واقیعی کۆمەڵایەتی، پلێخانۆڤ بڕواشی وابو کە خەباتی چینایەتی پرۆلیتاریا لەهەمان کاتدا خەباتە دژی کۆیلایەتی فکری و بیرکردنەوەی خۆبەکەمزانی، ئەمەش بوە وەرچەرخانی هزری مارکسیـ بۆ دوای پلێخانۆڤیش کە واقعی کۆمەڵایەتی ڕوەو ســـۆســـیال دیموکراتی ئاراســـتەبکات، لاوازییەکانی بۆرژوازییەت لەئاستی ئاگایی و هزریدا توانای بەرەنگاری لەهەمبەر سۆسیالیزم نابێت، بەمەش پێشکەوتوترین ئەندامەکانی پاڵدەنێت بۆ پەیوەســـتبون بە ڕیزەکانی ســـۆســـیال دیموکراسی(Haimson,1996:55-56)، واتە جۆرێک هۆشیاری چینایەتی مارکسیستی کە ڕۆشنبیرانیش ڕۆڵیان تیایدا هەبو.

لەوکاتەدا دو ئاراستە هەبون لایەنێکیان پێیانوابو پێویستە جوتیاران بەپێی بنەماکانی سۆسیالیزم پەروەردەبکرێن پێش هەڵگیرســـاندنی شـــۆڕش، لایەنەکەی تریان  کە باکۆنیەکان بون پێیانوابو تەنها هۆشـــیاربونەوە بە مافەکانیان پێویســـتە

نەوەک پەروەردەکردنێکی دورودرێژ، هەروەها پێیناوابو جوتیارانی ڕوسـیا بەهۆی ئەوەی بەپێی ئەزمونی خۆیان ئاگایی سۆسیالیستیان لەژیانی گوندەکاندا بەدەستهێنابو بۆیە پەروەردەی سۆسیالیستی پێویست نەبو، ئەوەی پێویستبو وزەی شـۆڕشـگێرانەیان بو، ئەو وزەیەش بەهۆیی ئەوەی یاخیبوەکان زۆرینەیان ڕۆشـنبیرە گەنجەکان بون، دەسـتەبەربو، بەپێچەوانەی لایەنی لاڤرۆڤیسـتەکان کە داوای پەروەردەی جوتیارانیان دەکرد و کەمتر چالاک و ڕادیکاڵبون و ژمارەیەکی کەم لایەنگریان بۆخۆیان ڕاکێشـابو(White,1996:296)، بەڵام هەردو لایەنگرانی باکۆنین و لاڤرۆڤ لەوەدا هاوڕابون کە چالاکی سـیاسی زیانمەندە بۆ خەباتی جوتیاران و کرێکاران، بەتایبەت باکۆنین کە نەیاری چالاکی سـیاسی بو، وەک ئەوەی پلێخانۆڤ دونیابینیەکەی لەم دێڕەدا کورت دەکاتەوە: بۆ باکۆنین سـیاسـەت نییە، بەڵکو تەنها بژی خەباتی ئابوری(White,2015:83)، ئەو لایەنەی کە پێیانوابو جوتیاران خۆیان هۆشیاری سۆسیالیستیان بەپێی ئەزمونی خۆیان بەدەستهێناوە، خاوەن لایەنگری زیاتر و خاوەن هەڵوێستی ڕادیکاڵانەتربون، ئەمەش بەبڕوای لایەنگرانی شۆڕشی جوتیاری دۆخی سازاوی سۆسیالیزمی سازاندبو بەبێ ئەوەی کۆمەڵگەی ڕوسی قۆناغی سەرمایەداری و دامەزراندنی پیشەسازی و کارگە گەورەکانی بەخۆیەوە بینیبێت، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە سۆسیالیزم پێویستی بە ئابوری گەشەکردو و داهاتی بەرز نییە، بەڵکو پلێخانۆڤ پێیوابو شۆڕشی سۆسیالیستی بەبێ ئابورییەکی گەشەسەندو ناتوانێت سەرکەوتوبێت و سۆسیالیزم لە ئابورییەکی ناسەقامیگر و پێشنەکەوتودا ناتوانێت دابمەزرێت(بشیریە،١٤٠٢: ٤٥)، هەرئەمەشە وادەکات سـۆسـیالیزم لەناو ئارامی و ئابوری گەشـەکردودا سـەربکەوێت، نەوەک بەشـێوەی توندوتیژانەی چەکداری، چونکە سـۆسـیالیزمی گەشـەکردو لەسـەر بنەمای هێز و توندوتیژی ناتوانێت دیموکراتی بێت و بەئەگەری زۆرەوە تەنها ڕژێمێکی سەرکوتکاری وەک ئیمپراتۆرییەتی چین یان وەکو قەیسەری ڕوسی لێدەکەوێتەوە(Hook,1955,61).

بۆچونی پلێخانۆڤ دوای وەرگۆڕانی لە پۆپۆلیزمییەوە بۆ مارکسـیسـتیی، جۆرێک لە گۆڕانی هزریشی بەدوادا هات، بەنمونە لەسالانی (١٨٧٠) دا پێیوابو ئەو یاسایانەی کە گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی و ئابوری ڕوسیا پەیڕەوی لێدەکەن، تایبەتمەندن، بەڵام لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی نۆزدەدا هاتبوە سەر ئەو باوەڕەی کە ئەو یاسایانە تایبەتمەند نین، ڕایگەیاند کە ئابوری گوندەکانی ڕوسـیا خەریکە هەڵدەوەشـێتەوە، ئەگەری پاراسـتنی کۆمۆنەی گوند کە پۆپۆلیسـتەکان قوڵترین باوەڕیان پێیبو، دەرکەوت خەونێک بو. ئەوەی جوتیاران ئارەزویان دەکرد، کۆمەڵایەتیبونی موڵکەکان نەبو بەڵکو خاوەندارێتی تایبەت بو. بە واتایەکی تر بۆ ئەوەبو خۆیان ببنە سەرمایەدار، دەرکەوت قۆناغی سەرمایەداری لە ڕوسیادا ڕو لەدەرکەوتنە و دەرفەتێک بۆ خۆپاراستن و ڕێگرتن لە هاتنی شەپۆلی سەرمایەداری نەبو، هەرچەندە ڕەنگە کورت بکرێتەوە و لە ڕاسـتیدا بەردەوام تێکبدرێت، بەهۆی دروسـتکردنی لەسـەر مۆدێلی سـەرسـامکراوی ئەڵمانی. بەڵام بونی حزبێکی سـۆسـیال دیموکراتی بەهێز کە لەسـەر پشـتیوانی جەماوەری گەشـەسـەندوی کرێکارانی پیشـەسـازی لە شـارە گەورەکان دامەزرابێت، دەبێتە بنەمایەک بۆ ڕزگاری ڕوسـیا، هەروەها ئاماژەی بەوەشـکرد ئەگەر سـۆسـیالیزم بە زۆر بسـەپێندرێت ئەوە دەبێتە هۆی ستەمی سیاسی کە شوناسێکی کۆمۆنیستی هەبێت، شۆڕش دەبێت دیموکراسی بێت ئەگەرنا شۆڕشێکی ڕاستەقینە نابێت(Berlin,2013:156-157)، لێرەوە بۆچونی پلێخانۆڤ بەئاراستەی سۆسیال دیموکراتی و بەکارهێنانی ئامرازی ئاشـتیانە و ڕێگەی دیموکراسـیانە بۆ دەسـتەبەری سـۆسـیالیزم دەردەکەوێت، هەروەها مانابەخشـینێکی جیاواز بەشۆڕش کە دوربێت لەتوندوتیژی و بەڕێگەی ڕیفۆرمی ئابوری و کۆمەڵایەتی بێت بوە بنەمایەک بۆ بۆچونەکانی.

بەلای پلێخـانۆڤەوە بەبنەمـادانـانی ئـابوری لە وەرچەرخـانی کۆمەڵگـادا، زیـادەڕەوی لەو بیرۆکەیەدانییە، بەڵکو نکۆڵیکردن لە گرنگی بنەمای ئابوریی سـەرمایەداری بە نکۆڵیکردن لە بنەمای سـیاسـییەوە گرێدراوە، چونکە ڕزگارکردنی

مرۆڤ ڕاستەوخۆ وەک شۆڕشێک دەردەکەوێ کە گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە پێکهاتەی ئابوری کۆمەڵگا و پێکهاتە سیاسییەکەیدا ڕوودەدات، ئەمەش هەنگاوێکی نوێ بو بەرەو دۆزینەوەی پێویستی مێژویی دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا، پێیوایە مارکس پێشتر ئاماژەی بەوە کردوە کە پرسی دەسەڵات بابەتی سەرەکییە لە هەر شۆڕشێکدا، بەڵام ئەوە کۆی ناوەڕۆکی شۆڕش نییە، بەتایبەتی شۆڕشی کۆمەڵایەتی پرۆلیتاریا، ڕاستە شۆڕش بەبێ یەکلاییکردنەوەی پرسی دەسەڵات ناتوانێت سەربکەوێت، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی ئەرکە سەرەکییەکەی شۆڕشی پرۆلیتاری کە خۆی لە ڕوخاندنی دەسەڵاتی هەبو(دەسەڵاتی بۆرژوازی لە سیستەمی سەرمایەداریدا) و هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە کۆنەکان دەبینێتەوە، مارکس هێشتا پرسی دیکتاتۆری پرۆلیتاری لەبەرچاو ناگرێت، بەو گریمانەیەی کە ئەگەر دەسەڵاتی کۆن و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە کۆنەکان هەڵوەشایەوە، سۆسیالیزم پێویستی بە هیچ فۆرمێکی سیاسی نابێت، ئەمەش بۆ پلێخانۆڤ هێشتا نەیتوانیوە ئەوە بسەلمێنێت کە جەوهەری دەوڵەت زاڵبونی چینێکە لەلایەن چینێکی دیکەوە، بەڵکو کۆمەڵگەی نادەوڵەتی بە شێوەیەکی سەرەکی وەک شەڕی هەموان دژی هەموان تایبەتمەند دەکات، بە پێچەوانەی بونی دەوڵەت وەک هێزێکی چەسپاندنی کۆمەڵگا. بەڵام مارکس جەخت لەسەر بنەمای دژایەتی دەوڵەت دەکاتەوە، پێیوایە کۆیلایەتی کۆمەڵگای مەدەنی ئەو بناغە سروشتیەیە کە دەوڵەتی مۆدێرن لەسەری وەستاوە، هەروەک چۆن کۆمەڵگەی نادەوڵەتی کۆیلایەتی ئەو بناغە سروشتییە بو کە دەوڵەتی کۆن لەسەری وەستابو، واتە بونی دەوڵەت و بونی کۆیلایەتی لەیەکتر جیا ناکاتەوە، ئەمەش مارکس دەباتە ئاستی تێگەیشتنێکی جیاواز لە بونیادە چینایەتییەکەی دەوڵەت، دیدگای مارکس کە دەوڵەت پێچەوانەی کۆمەڵگەی مەدەنییە، پچڕانێکە لەگەڵ چەمکی هیگڵ بۆ دەوڵەت. مارکس دەڵێت ئەم دو پێچەوانەیە یەکتر دیاری دەکەن، کەواتە دەوڵەت بەسەر دژایەتییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا زاڵ نابێت، بە پێچەوانەوە دەوڵەت بە کۆیلەکردنی مرۆڤ بۆ مرۆڤ دەپارێزێت، واتە دەربڕینێکی سیاسی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە دژبەرەکانە کە لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا زاڵە، وێڕای ئەوەش هێشتا مارکس ناڵێت شۆڕشی سۆسیالیستی کۆتایی بە دامەزراوەی دەوڵەت دێنێت، بەڵکو کۆمەڵگەی خاوەندارێتی تایبەت هەڵدەوەشێنێتەوە و جۆرێکی نوێی دەوڵەت دەخاتە ڕو کە خەڵکی زەحمەتکێش ناکاتە کۆیلە، بەڵکو ڕزگاریان دەکات، ڕەنگە هەر بۆیەش بێت پرسی دیکتاتۆری پرۆلیتاری و پێویستی دەسەڵاتێکی پرۆلیتاری نەک تەنها بۆ لەناوبردنی سیستەمی ئیستغلالکار بەڵکو بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی بێ چینایەتیش لەبەرچاو بگرین(Oizerman,1981:214-215)، واتە بۆ پلێخانۆڤ دەکرێت شوێندۆزی بۆچونی مارکس بین بۆ دەستەبەری کۆمەڵگەی سۆسیالیستی لەناو دامەزراوەی دەوڵەتدا، نەوەک داوای هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەت بە هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵگەی ئابوری چینایەتییەوە گرێبدەین.

ئەوەی لەهزرەکانی پلێخانۆڤەوە دەردەکەوێت لەهەمبەر ڕێگای گەیشتن بەسۆسیالیزم، بریتییە لە پرسەکانی ڕۆڵی پاسیڤی تاک، کاریگەری هونەر و هۆشیاری چینایەتی و شۆڕش وەک ویستی مێژو، هاوکات کاریگەری بونیادی ئابوری، پێکەوە پەیوەستی ئابوری و دۆخی کۆمەڵایەتی لەلایەک و هۆشیاری و گۆڕان و بەهاکان لەلایەکی ترەوە، کە کۆی ئەم لێکەوتانە گرێدراوی کۆمەڵگەی چینایەتی و خواست بۆ گۆڕانن بەرەو سیستەمی سۆسیالیستی و نەهێشتنی ستەمی ئیستغلالکاری سەرمایەداری، ئەمەش لەسەر بنەمای ئاگایی سۆسیالیستی دەبێت، بۆیە پلێخانۆڤ دەڵێت پرۆلیتاریا وەکو هێزی بیرکەرەوە، پێشتر هەوڵی زۆری بۆ ڕزگاری نیشتمانی داوە، بابەتەکانی ڕەهاگەرایی و بەرژەوەندی سیاسی لەکۆمەڵگەدا وروژاندوە، تۆوی هۆشیاری سیاسی لەناو چینی کرێکاراندا چاندوە، خاوەنی پەروەردە و خواستی دیموکراسییە، بەڵام تەنها پەروەردە بەسنییە بۆ پلانی سۆسیالیستی، بەڵکو پێویستیمان بە پەیوەندی و سامان و پێگەیەکی کاریگەر هەیە لەکۆمەڵگادا، ئەم سێ پێداویستییەش کە بۆ گەیشتن بە سۆسیالیزم گرنگن، لای ڕۆشنبیرە شۆڕشگێڕەکان کەمە، بۆیە

ڕۆشنبیران تەنها بە هاوپەیمانییەتیان لەگەڵ پێکهاتە نارازییەکانی تری کۆمەڵگەی ڕوسی لەناو چینی پرۆلیتاریا دەتوانن ئەو کەموکوڕیانەیان پڕبکەنەوە، با گریمانەی ئەوە بکەین کە پلانەکان لەگەڵ هاوسۆزی خاوەن زەوییە دەوڵەمەندەکان و بەرپرسان و ئەفسەرەباڵاکان دێتەوە، ئەمەش ئەگەری سەرکەوتنی پلانەکە مسۆگەرتر دەکات، بەڵام دەبێت بیرمان نەچێت کە مەترسی جدی بۆسەر شۆڕشی سۆسیالیستی لە حکومەتەوە نییە، بەڵکو دەشێت لەناو خودی ئەندامانەوە بێت، ئەو کەسانەی پەیوەندییانکردوە بە بزوتنەوەی سۆسیالیستییەوە لەوانەیە بەشێکیان سۆسیالیستی دڵسۆزبن، بەڵام بۆ زۆرینەیان نەتواندرێت گرەنتی ئەوە بکرێت کە دەسەڵاتیان بەدەستهێنا، ئەو دەسەڵاتە بۆ مەبەستی تایبەت بەکار نەهێنن کە هیچ پەیوەندییەکی بە بەرژەوەندی چینی کرێکارانەوە نەبێت، بۆیە هاوسۆزی ڕۆشنبیران و شۆڕشگێڕان لەگەڵ نارازییەکانیتردا بۆ دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵات لە داهاتویەکی نزیکدا لە نێوان کایە کاریگەرەکاندا ئەگەری سەرکەوتنی دەرەکی زیاتر دەکات، ئەمەش ئەنجامەکان زیاتر بەرەو گومانلێکردندا کراوە دەکات، بەڵام ئەگەر پلانەکە لەنێوان ڕۆشنبیرە سۆسیالیستییەکاندا قەتیس بێت ئەوا ئەگەری سەرکەوتنی کەمتر دەبێت، هاوکات گومانیش لە دەرئەنجامەکانی کەمتر دەبێتەوە(Plekhanov,1885:277)، واتە ئەگەرچی بەشداری فراوانی کەسانی ناڕازی، ئەگەری سەرکەوتنی شۆڕشی سۆسیالیستی مسۆگەرتر دەکات، بەڵام مەرج نییە ئەوانەی نارازین و هەماهەنگی بزوتنەوەی سۆسیالیستی دەکەن، دواجار بە لێکەوتە سۆسیالیستییەکانی شۆڕش ڕازی بن، بۆیە پلێخانۆڤ دژی فراوانکردنی ئەندامانی تیمی شۆڕشی سۆسیالیستییە بەجۆرێک کە ساماندار و بەرپرسان و خاوەن زەوییەکان و ئەفسەران لەخۆبگرێت، بەڵکو پێیوایە هاوپەیمانی نێوان شۆڕشگێڕانی سۆسیالیستی و ڕۆشنبیرانی سۆسیالیستی ئەگەرچی ئەگەری سەرکەوتن کەمتر دەکاتەوە، بەڵام هاوکات یەکانگیری و یەکڕیزی زیاتر و پتەوتر دەکات.

پلێخانۆڤ وەک بیرمەندێکی مارکسیستی ئەرسەدۆکسی بەردەوام جەختی لەسەر یاسای مێژو کردوەتەوە، بەڵام هەندێک کات جۆرێک لە ناڕونی یاخود گۆڕان لە هزرەکانیدا دەبیندرێت، بەتایبەت کاتێک دێتە سەر ئەگەرەکانی پێویستی شۆڕشی کۆمەڵایەتییانە لە ڕوسیا، هاوکات باوەڕیون بە شۆڕشی کۆمەڵایەتی و ئابوری نەوەک شۆڕشی سیاسی و توندوتیژانە، وێڕای ئەوانەش هێشتا جەخت لەگرنگی یاسای مێژو دەکاتەوە و پێیوایە یاسای پەیوەست بە گەشەسەندنی کۆمەڵگاکان هەیە، بۆیە دەبینین نوسەرێکی وەک (فریدریک کلۆپیستۆن) دەڵێت هەرئەوە لە پلێخانۆڤ چاوەڕێدەکرێت چونکە وەکو قەشەیەکی ئەرسەدۆکسی مارکسیستی وایە، وێڕای ئەوەش پلێخانۆڤ ئەو بۆچونەی مارکس و ئەنگلسیش لەبیرناکات کە دەڵێن ئەوە مرۆڤەکانن مێژو دروست دەکەن، بۆیە پرسی پێویستی و ئازادی بەلایەوە دەبێتە جێسەرنج و بەگوتەی خۆی هەوڵدەدات بەشێوەیەکی دیالەکتیکی چارەی بکات، کە ناوی لێنابو (تایبەتمەندییە تاکەکەسییەکان)ی ڕوداوە مێژوییەکان، چونکە ئەگەر مرۆڤ لاواز و لێکەوتەی مێژو بێت، چۆن دەتواندرێت وەک بەهێز و خاوەن کەسایەتی دینامیکی گوزارشت بکرێت(Copleston,1986:267,271)، کە دروستکەری مێژو و ئاراستەکەری ڕەوتی وەرچەرخانی و گۆڕان و گەشەی کۆمەڵگایە ڕووەو سۆسیالیزم!

لێرەوە پرسی دیموکراسی بۆ پلێخانۆڤ دەبێتە پرسێکی گرنگ و پێویست بۆ بەدیهێنانی سۆسیالیزم، پلێخانۆڤ هاوبەشی ئەم سەرسامییە بێ سنورە بو بۆ (دیموکراسی بۆرژوازی)، هەرچەندە هەمیشە جەختی لەسەر کاراکتەری پێشکەوتنخوازانەی بۆرژوازی کردبووەوە، بەڵام بەبێ گۆڕان تاڕادەیەک ڕەخنەی لە دەرکەوتە سیاسییە چەقبەستوەکانی هەبو، هەروەها هاوڕای (پۆترێسۆڤ - Potresov) بو کە کۆمەڵگە (بە مەرجێک سۆسیال دیموکراتەکان بە ڕاگەیاندنی توندڕەوی ناپێویست نەیترسێنن) دەتوانرێت پشتی پێ ببەسترێت بۆ ئەوەی بەشداری لە خەباتی ئازادی سیاسیدا بکات،

بەڵام (مارتۆڤ -Martov) بەپێچەوانەی پلێخانۆف، هەمیشـــە بە چاوێکی گوماناویەوە ســـەیری بۆرژوازی دەکرد و لە هەڵســـوکەوتی ئێســـتایدا هیچی نەدەبینی کە گومانەکانی کەم بکاتەوە. لە ســـەروتاری ڕۆژنامەی (ئیســـکرا)دا کە لە (١ی کانونی دوەمی ١٩٠٤) دا نوســـیویەتی: ســـترۆڤ و ئۆســـڤۆبۆژدێنتســـیەکان (Struve and the Osvobozhdentsis) نایانەوێت شـــۆڕشی بۆرژوازی بەرەو کۆتاییە لۆژیکییەکەی بگوازنەوە، ئەوان نایانەوێت وزەی شـــۆڕشـــگێڕانەی ئەو هێزە کۆمەڵایەتیانە پەرەپێبدەن کە پشتگیری لە سەرکردایەتی سیاسی پارتە لیبراڵ دیموکراتەکان دەکەن تا ئەو سنورانەی مێژو دایناون، بەڵکو دەیانەوێت پێشـکات سـنورێک بۆ ئەم گەشـەسـەندنە دابنێن، ئەوان بانگەواز ناکەن بۆ لۆژیکی بێ ئیرادەی گەشـەسـەندنی مێژویی، بەڵکو بانگەشـە بۆ ڕەچاوکردنی سـیاسی دەکەن(Haimson,1996:201-202)، دۆخی جێگیری کۆمەڵگا لەناو نەزمی بەرەو ســـەرمایەداری وەرناچەرخێن بۆ تەواوکردنی پێچی سروشـــتیانەی گەشـــەی کۆمەڵگا بەپێی ماتریالیزمی مێژویی مارکس.

هاوڕایی پلێخانۆف و پۆترێسـۆف و سـترۆڤ، بوە سـەرەتای قۆناغێکی نوێ لە ڕەوتی گەشـەی مارکسـیزم لە ڕوسـیا و سەرهەڵدانی سەرەتاکانی ناکۆکی نێوان پلێخانۆف و لینین. سترۆڤ هاوشێوەی پلێخانۆف ڕەخنەی هەبو لە نارۆدینکەکان، لەساڵی (١٨٩٤)لە کتێبێکیدا لەژێرناوی (تێبینییەکی ڕەخنەگرانە لە گەشـەی سـەرمایەداری لە ڕوسیا) وێڕای هێرشی توند بۆسـەر نارۆدینکەکان، هاوکات تیایدا داوای لێبوردنیشی۔ لە سـەرمایەدارەکان کردبو، پلێخانۆف پێشـوازی لەو کتێبەکرد، بەڵام لینین وێڕای هەندێک ڕەخنەی لە نارۆدینکەکان، دژی بۆچونەکەی ســـترۆڤ بو، لینین لەکێبێکدا بەناوی (بەڕێز ســـترۆڤ) وەڵامی کتێبەکەی دایەوە و لەدو ئاســـتدا ڕەخنەی کردبو، ئەوانیش پێشـــکەوتنی ســـەرمایەداری و پرسی نارۆدینکەکان بون(باهیر،٢٠٢١: ٤٧)، لینین پێیوابو کە ڕاســـتە ســـەرمایەداری پێشـــکەوتوترە لە دەرەبەگایەتی، بەڵام سـەرمایەداری گۆڕهەڵکەنی خۆی بۆخۆی دروسـتدەکات، بۆیە دەبێت خەباتی پرۆلیتاریایی کاری لەپێشـینەی بزوتنەوەی مارکسی۔ بێت، بەڵام پلێخانۆف ڕەخنەی لە وەڵامەکەی لینین گرت و پێیوابو پێویسـتە سۆسـیال دیموکراتەکان هاوشـانی گەشـــەی مێژو بەرەو پێش بچن و هـاوکاری لیبراڵەکان بکەن بۆ لەنـاوبردنی دەرەبەگایەتی، کە هێزێکی کۆنەپەرســـت و دواکەوتوە، لەلایەکی ترەوە پلێخانۆف پێیوابو دەبێت هەمو پەیوەندییەک لەگەڵ نارۆدینکەکان بپچڕێنن، بەڵام لینین لە وەڵامەکەی بۆ سـترۆڤ پێیوابو هەڵەیە هەمو پەیوەندییەک لەگەڵ نارۆدینکەکان بپچڕێنین، چونکە ئەوان دو ئاراسـتەی کۆنخواز و پێشـــکەوتوخوازن، کۆنخوازەکان داوای ئەوەیان دەکرد جوتیاران خاوەن زەوی خۆیان بن، واتە کێشـــەی جوتیارانیان بەشـێوەیەکی تەقلیدی چارە دەکرد و ئاگایان لە سـیسـتەمی ئابوری جیهان نەبو، بەڵام بەشـێکی تریان داوای ڕوخانی ســـەرمایەداریان دەکرد(باهیر،٢٠٢١: ٤٧-٤٨)، کە بەبڕوای لینین پێویســـتە لەگەڵ ئەو بەشـــەیاندا هاوکار بن، چونکە دەتوانن پشـتیوانی هێزی چینی پرۆلیتاریا بن. ئەم پرسـە هاوبەشـە بۆ سـەردەمی نوێ لە گەشـەسـەندنی ڕوسـیا، سـەرنجی پلێخانۆف و مارتۆڤ و ئاکسـێلرۆدی بۆ دیدگای لینین بۆ پارتێکی شۆڕشگێڕی ناوەندی ڕاکێشـابو و ڕەخنەیانکرد. هەرسێکیان بە یەکسانی قەناعەتیان بەو شتە هەبو کە سۆسیال دیموکراتی پێویستە سەربەخۆیی سیاسی خۆی لە خەبات دژی ڕەهاگەراییدا بپارێزێت، لەســـەر ئەوە کۆک بون کە پێویســـتە ســـۆســـیال دیموکراتەکان بە ســـەرکەوتویی دوا هەوڵی نائومێدکەری ڕەهاگەرایی پوچەڵ بکەنەوە، دڵنیابینەوە لە بەدیهێنانی تەواوەتی ئامانجە ســـیاســـییە ڕەواکانی پرۆلیتاریا، ئەمەش ئەگەر بە ئیرادەیەکی یەکگرتو مـامەڵە بکەن(Haimson,1996:215)، خـۆیـان بەدور بگـرن لەشـــــۆڕشی توندوتیژئامێز، بەڕێگا و ئامرازی دیموکراسیانە هەوڵی بەدیهێنانی سۆسیالیزم بدەن.

لەکۆتایی ئەم باسەدا دەگەین بەوەی کە پلێخانۆڤ بەشدارییەکی بنچینەیی و فراوانی لە هزری مارکسیزمدا هەبوە و بەشێکی زۆری دیدگاکانی پەیوەستبون بە ڕۆڵی بنچینەیی مێژو و گەشەی مێژویانەی کۆمەڵگاکان بەپێی ماتریالیزمی مێژویی مارکس بۆ گەیشتن بە سۆسیالیزم، هەربۆیە تاکەکان و گروپ و بزاوتە کۆمەڵایەتییەکان و هەتا شۆڕشگێڕانیش ئامرازی دەستی مێژون بۆ بەجێگەیاندنی خواستێکی مێژویی لە کاتێکی دیاریکراو و کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا، هاوکات باس لە کاریگەری هونەر و هۆشیاری و ئاگایی دەکات لە وەرچەرخانی کۆمەڵگا ڕووەو سۆسیالیزم، وێڕای ڕەخنەی لە بزوتنەوەی نارۆدنیکەکان و باوەڕبون بەوەی کە جوتیاران و کۆمەڵگەی فیودالی دەبێت سەرەتا ڕووەو سەرمایەداری وەربچەرخێت نەوەک ڕاستەوخۆ بەرەو سۆسیالیزم ئاراستە بکرێت، هەروەها هاوڕای لینین و مارکسیستە شۆڕشگێڕەکانی تر نەبو بۆ بەکارهێنانی ئامرازی توندوتیژانە بۆ بەرەنگاری دەسەڵاتی قەیسەر و سیستەمی سەرمایەداری، بەڵکو جەختی لە ئامرازی دیموکراسی و ڕێگەی ئاشتیانە دەکردەوە بۆ گۆڕان و گەشە و وەرچەرخانی کۆمەڵگە و گۆڕینی سیستەم و دەوڵەت.

## کۆتایی و دەرئەنجام

لەکۆتایی توێژینەوەکەمان گەیشتین بەوەی ڕێگەی بەدیهێنانی سۆسیالیزم دەکرێت ڕێگەی شۆڕش و توندوتیژانە یان ڕێگەی ئاشتی و دیموکراسیانەبێت و بیرمەندان بۆچونیان بۆ ماهیەتی سۆسیالیزم و چۆنیەتی بەدەستهێنانی جیاوازە، گۆرگی پلێخانۆڤ جەختدەکاتەوە لەسەر ڕێگەی دێتەرمینیستی و حەتمیەتی گۆڕانی کۆمەڵگا بەرەو سۆسیالیزم و بەپێی پێودانگی ماتریالیزمی مێژویی مارکس، گەیشتین بە کۆمەڵێک بەرئەنجام کە گرنگترینیان بریتیبون لە:

- سۆسیالیزمی شۆڕشگێڕ لە هزری مارکسیزمی نوێدا وەک هزرێکی پراگماتی و وەڵام بەدۆخی یەکێتی سۆڤیەت لە سەرەتای سەدەی بیست دەرکەوت کە داوای هەڵگیرسانی شۆڕشیان دەکرد لەدژی دەسەڵاتی قەیسەری سۆڤیەتی.
- دیارترین بیرمەندانی سۆسیالیزمی شۆڕشگێڕ بریتین لە لینین و ڕۆزا لۆکسمبۆرگ و ترۆتسکی، لینین داوای هەڵگیرسانی شۆڕشی دەکرد و پێیوابو پێویستە حیزب ئەرکی هۆشیاری چینایەتی و پێشەنگایەتی شۆڕش و ڕێکخستن لەئەستۆبگرێت، خۆیشی ڕابەری شۆڕشی سۆسیالیستی بو لە سۆڤیەت، ڕۆزا لۆکسمبۆرگ باوەڕی بە گۆڕانی خێراو شۆڕشگێڕانە بو، پێیوابو بەرئەنجامی گۆڕانی خاوی کۆمەڵایەتی مێژویی نییە و شۆڕشی سۆسیالیستی پشت بە دۆخی ئابوری نابەستێت بەڵکو زیاتر بەرئەنجامی قەیرانی سیاسییە کە قەیرانی ئابوریشی دروستکردوە، هەروەها لیۆن ترۆتسکی خاوەنی بیرۆکەی شۆڕشی بەردەوامە و داوای دەکرد کرێکاران هەردو قۆناغی وەرچەرخان ڕووەو دیموکراتی بۆرژوازی و دواتریش ڕووەو سۆسیالیزم لە ئەستۆبگرن، پێیوایە دوای سەرکەوتنی شۆڕش هەمیشە ئەگەری هاتنەئارای دژەشۆڕش بونی هەیە، بۆیە پێویستە شۆڕشی سۆسیالیستی لە قۆناغێکدا نەوەستێت و پێویستە بەردەوام لەدۆخی شۆڕشدابین، هەروەها بیرۆکەی (سۆسیالیزم لەیەک وڵاتدا)ی ڕەتکردەوە.
- دوای گەشەکردنی زیاتری سەرمایەداری و هەڵسانەوەی دوای هەر قەیرانێک، لاوازی ڕۆڵی پرۆلیتاریا لە هەڵگیرساندنی شۆڕش دا، وایکرد بەشێک لەبیرمەندانی مارکسیزمی نوێ بیر لەڕێگەی تری گەیشتن بە سۆسیالیزم بکەنەوە کە دوربێت لە شۆڕش و توندو تیژی، ئامرازی ئاشتیانە و ڕیفۆرمیانە بگیرێتە بەر، لەو ڕێگەیەشدا دو دیارترین ئاراستە بریتین لە ڕیڤزیۆنیزم و دێتەرمینیزم.
- ئاراستەی ڕیڤزیۆنیزم کە دیارترین بیرمەندی بریتییە لە ئێدوارد بێرنشتاین، پێیوایە پێویستە ڕێگەی دیموکراسی و هەڵبژاردن و پەرلەمانی بگیرێتەبەر بۆ ڕیفۆرم و چاکسازی و بەدیهێنانی مافەکانی کرێکاران، بۆیە

بەشێکی بنەماکانی هزری مارکسی بەجۆرێکیتر شرۆڤەکردەوە و پێیوابو کە پێویستە لەناو دەوڵەتدا چالاکی ئاشتیانە بۆمافی کرێکاران ئەنجامبدرێت و دژی شـــۆڕش و دژی ڕەتکردنەوەی دەوڵەتبو، پێیوابو دەوڵەت ڕۆڵی لایەندارانە نابینێت و دەکرێت دەستکاری بکرێت بائاراستەی خزمەتی کرێکاران و چینەکانی خوارەوە.

- ئاراسـتەی دێتەرمینیسـتی کە بیرکردنەوەی بیرمەندانی مارکسـیزمی ئەرسـەدۆکسی- بو، دیارترین بیرمەندانی بریتیبون لە پلێخانۆڤ و کاوتســکی، جەختیان لەســەر گەشــەی خۆکردانەی کۆمەڵگە و شــۆڕشی کۆمەڵایەتی بەشێوەی ئارام و ئاشتیانە دەکردەوە بۆ گەیشتن بە سۆسیالیزم بەپێی ماتریالیزمی مێژویی مارکس.

- پلێخانوف یەکێک لەدیارترین بیرمەندانی سۆسـیالیزم لەسـەدەی بیسـتدا، پێیوایە بەدیهێنانی سـۆسـیالیزم پێویســتە بەڕێگەی ئاشــتی و وەرچەرخانی مێژویی بێت، ســۆســیالیزم بەڕێگەی شــۆڕش دەبێتە هۆی هاتنەئارای سیستەمێکی ستەمکار.

- بەباوەڕی پلێخانۆڤ تاک ڕۆڵێکی لاوەکی و پاسیڤی هەیە و کۆمەڵ دەتوانێت لەناو مێژودا ڕۆڵی کاریگەری خۆی ببینێت، مێژو تاک و کۆمەڵەکان وەکو کەرەستەی وەرچەرخانی خۆی دەستنیشان دەکات.

- بەلای پلێخانۆڤەوە ئیسـتاتیکای هونەری ڕۆڵی مەزنی لە بەدیهێنانی سـۆسـیالیزم دا هەیە، ئەویش کاتێک کە هونەر بە هۆشیاری چینایەتی مەرجداربکرێت و لە بون بەکەرەستەی سەرمایە پاکبکرێتەوە.

- پلێخانۆڤ بەدیهێنانی ســۆســیالیزم لە گەشــە و گۆڕانی کۆمەڵگەدا دەبینێتەوە بەپێی ماتریالیزمی مێژویی مارکس کە تیایدا هاتوە سـەرمایەداری خۆی گۆڕهەڵکەنی خۆیەتی و مێژو کۆمەڵگاکان ڕوەو سـۆسـیالیزم ئاراسـتە دەکات.

## سەرچاوەکان


باهیر، مستەفا(٢٠٢١)، شۆڕشی ئۆکتۆبەر و مێژوی سەرهەڵدانی کۆمۆنیزم لە ڕوسیا، بەبێ دەزگای چاپ، کوردستانی عیراق.

بشیریه، حسین(١٤٠٢)، تاریخ اندیشەهای سیاسی درقرن بیستم – جلد اول: اندیشەهای مارکسیستی، نشرنی، چاپ نوزدهم، تهران.

بليخانوف، جورجى(١٩٨١)، في تطور النظرة الواحدية الي التاريخ، ت: دار التقدم، دار التقدم، الاتحاد السوفييتي - موسكو.

پولادی، کمال(١٤٠٠)، تاریخ اندیشه سیاسی درغرب، کتاب سوم، نشر مرکز، چاپ یازدهم، تهران.

ترۆتسکی، لیۆن(٢٠١٦)، لینین چۆن مارکسی خوێندەوە، و.پێشرەو محمد، ناوەندی توێژینەوە و هزریی شەهید ئارام، سلێمانی.

توشـار، جان(٢٠١٠)، تاريخ الافكار السـياسـيه: الاشـتراكيه، الليبراليه، القونيه، السـلفيه، ت.د.ناجي الدراوشـه، دار التكوين للتأليف و الترجمة و النشر، دمشق – سوريا.

کیندێرسلی، ئار.کی(٢٠٢١)، ڕیڤیزیۆنیزمی مارکسیستی لە برنشتاینەوە تا شێوازە مۆدێرنەکان، لەکتێبی: کۆمەڵێک نوسەر، ئینسایکلوپیدیای بیری سیاسی، و.هیوا عەزیزی، ناوەندی ڕۆشنبیری ئەندێشە، سلێمانی.

Barrett, David Peter(2017), Socialism, Marxism and Communism in the thought of Hu Han-Min, ProQuest, U.S.A.

Berlin, Isaiah(2013), thepower of ideas, Princeton University Press, Second edition, uk.

Bernstein, Edward(1909), Evolutionary socialism : a criticism and affirmation, translated by: Edith C. Harvey, The Socialist Library, New York.

Copleston, Frederick C(1986), SJ. Philosophy in Russia- From Herzen to Lenin and Berdyaev, University of Notre Dame Press, Notre Dame.

Engels, Friedrich(1977), Anti-Duhring: Herr Eugen Duhring's Revolution in Science, Translated by Emile Burns, PROGRESS Publishers, Seventh printing , Moscow.

Gregor, A. James(2009), Marxism, Fascism, and Totalitarianism, stanford university press, Stanford – California: USA.

Haimson, Leopold H(1996), the russian marxists and the origins of bolshevism, beacon press and Harvard University Press, Boston.

Harrison, Kevin and Boyd, Tony(2003), Understanding political ideas and movements, Manchester University Press, Manchester and New York.

Heywood, Andrew(2017), political ideologies, Sixth edition, Palgrave, london.

Hobsbawm, Eric(2011), How to Change the World: Reflections on Marx and Marxism, Yale University Press, London.

Hook, Sidney(1955), Marx and the Marxists, Van Nostrand reinhold company, New York – Cincinnati - Toronto – Melbourne and London.

Kautsky, Karl(1919), The Dictatorship of the Proletariat, Transcribed by: Einde O'Callaghan, National Labour Press, Vienna.

Kautsky, Karl(2000), The Class Struggle (Erfurt Program ), Translated: William E. Bohn. Askew, Charles H. Kerr & Co 1910, Transcribed: Sally Ryan for marxists.org.

Lenin, V. I(1974), collected works volume24, Progress publishers, Second printing, Moscow.

Luxemburg, Rosa(2008), Reform or Revolution, Haymarket Books, Chicago.

McClelland, J.S(2005), a history of western political thought, Routledge, London and New York.

Oizerman, T.I(1981), The Making of the Marxist Philosophy, Translated from the Russian by: Yuri Sdobnikov, Progress Publishers, Moscow.

Plekhanov, G. V(1957), Art and Social Life, Translated by: A. Fineberg, Foreign Languages Publishing House, Moscow.

Plekhanov, Georgi(1885), Our Differences, Translated by: R. Dixon, sorgotten books, moscow.

Plekhanov, Georgi(1950), the role of the individual In history, international publishers, New York.

Schumpeter, Joseph A(2003), Capitalism - Socialism and Democracy, Eleventh published, Routledge, London and New York.

Sockol, David(August 2011), A Bridge Between Kingdoms: The Marxist Aesthetics of Georgi Plekhanov - Master's Thesis, Presented to The Faculty of the Graduate School of Arts and Sciences - Brandeis University - Department of History.

Touchard, Jean(1961), Historia de las ideas politicas, publicada por Prenses Univcrsilairet de France, París.

Trotsky, Leon(1964), The Age of Permanent Revolution: A Trotsky Anthology, Edited with an introduction by: Isaac Deutscher, dell publishing co., inc, , New York.

Trotsky, Leon(2010), The Permanent Revolution and results and prospects, Red Letter Press, USA.

White, James D(1996), Karl Marx and the Intellectual Origins of Dialectical Materialism, Macmillan press LTD and ST. Martin's press, INC., London and New York.

White, James D(2015), marx and russia- the fate of a doctrine, bloomsbury academic, london- new york- pxford- new delhi- sydney.

**پەراوێزەکان:**

(1) ئۆســـڤۆبۆژدێنتســـیەکان – Osvobozhdentsis : ئاماژەیە بۆ گۆڤاری Osvobozhdeniye (Liberation) گۆڤارێکی لیبراڵ بو لە ســاڵانی شــۆڕشی کۆتایی ئیمپراتۆریەتی ڕوســیا، پێش مانیفێســتی ئۆکتۆبەری ســاڵی (١٩٠٥) دەردەچو. گۆڤارەکە لە ســاڵی ١٩٠٢ دامەزراوە، تا ساڵی ١٩٠٥ بەردەوامبو بو، کە لە شاری شتوتگارت (ئەڵمانیا) و پاریس (فەرەنسا)، بڵاودەکرایەوە.

(2) باکۆنییەکان ئاماژەیە لە لایەنگرانی هزرەکانی میخائیل باکۆنین، (میخائیل ئەلێکســـاندرۆڤیچ باکونین - Mikhail Alexandrovich Bakunin)، کە لە ١٨١٤/٥/٣٠ لەدایک بوە، لە١٨٧٦/٧/١ کۆچی دوایی کردوە. ئەنارکیستێکی شۆڕشگێڕی ڕوسی بو.

(3) بیتر بێرنگاردۆڤیچ سترۆڤ - Pyotr Berngardovich Struve (١٨٧٠-١٩٤٤) بیرمەند و ئابوری ناسێکی ڕوسی بو، سەرەتا خۆی بە مارکسی دەناساند و هاوڕێی لینین و پلێخانۆڤ بو، بەڵام پاشان وازی لە مارکسیەت هێنا و دژیان وەستایەوە.

(4) پرۆدۆن (پییەر جۆزێف پرۆدۆن - Pierre-Joseph Proudhon)، لە ١٨٠٩/١/١٥لەدایکبوە، لە ١٨٦٥/١/١٩کۆچی دوایی کردوە. ئەنارکیست، سۆسیالیست، فەیلەسوف و ئیکۆنۆمیستێکی فەرەنسی. بوە بە باوکی ئەنارکیزم ناسراوە، چونکە یەکەم کەس بو کە خۆی بە ئەنارکیست ناوبرد، دوای شۆڕشی ساڵی ١٨٤٨ بوەتە ئەندامی پەرلەمانی فەرەنسا.

(5) پۆترێســـۆڤ (ئەلێکســـاندەر نیکۆلایڤیچ پۆترێســـۆڤ - Alexander Nikolayevich Potresov)، لە ١٨٦٩/٨/٣١ لەدایکبوە، لە١٩٣٤/٧/١١ کۆچی دوایی کردوە، ســیاســەتمەدارێکی ســۆســیال دیموکراتی ڕوسی و یەکێک لە ســەرکردەکانی باڵی مەنشــەفیک بو. هەروەها یەکێک بو لە ســەرنوســەرانی ڕۆژنامەی ئیســکرا(لە ژێر ناوی ســتارۆڤەر – Starover دەینوسی)، شــەش کەس بون بە سەرنوسەری ڕۆژنامەکە.

(6) تکاچێڤ (پیۆتر نیکیتیچ تکاچێڤ - Pyotr Nikitich Tkachev)، لە١٨٤٤/٦/٢٩ لەدایک بوە، لە ١٨٨٦/١/٤ کۆچی دوایی کردوە، نوسەر و ڕەخنەگر و تیۆریستێکی شۆڕشگێڕی ڕوسی بو، زۆرێک لەو بنەما شۆڕشگێڕانەی دارشت کە دواتر لەلایەن ڤلادیمێر لینینەوە پەرەی پێدرا و خرایە بواری جێبەجێکردنەوە، هەروەها زۆرکات وەک یەکەم بەلشەفیک وەسف دەکرێت.

(7) ڕیڤیزیۆنیزم بەواتای پێداچونەوەخوازی، گوزراشتە لەو ڕەخنانەی ئاراستەی مارکسیزمی ئەرسەدۆکسی. دەکران لەپێناو ڕێکخستنەوەی مارکســیزم بەجۆرێک کە لەگەڵ گۆڕانی نوێی ســەرمایەداریدا بگونجێت، ئەمەش وایکرد ڕیڤزیۆنیســتەکان ورد ورد لەبەشــێک لەبنەما ســەرەکییەکانی مارکســیزم دوربکەونەوە، بۆنمونە باوەڕیان بە گۆڕان و گەشــە و ڕیفۆرمی کۆمەڵگە دور لە شــۆڕش و توندوتیژی هەبو،

زۆرکاتیش وەکو باڵی ڕاســتی بزوتنەوەی ســۆســیال دیموکراتی ئەوروپا دەبینرێت، بڕوانە: (بشــیریە،١٤٠٢: ٥٣). لەڕوی مێژوییەوە ڕیڤیزیۆنیزم بەو بۆچونە تەحریفییانە دەگوترێت کە لەماوەی ئینتەرناسـیۆنالی دوەم (١٨٨٩-١٩١٤)دا لەناو سـۆسـیال دیموکراتەکانی ئەوروپادا و بەتایبەت لە ئەڵمانیا سەریانهەڵدا، ئیدوار بێرنشتاین وەکو دامەزرێنەر و ڕابەری ڕیڤیزیۆنیزم دادەندرێت.

(8) گلیز (ئەلبێرت گلیز - Albert Gleizes)، لە١٨٨١/١/٨ لەدایک بوە، لە ١٩٥٣/٦/٢٣ کۆچی دوایی کردوە. هونەرمەند، تیۆریســـت و فەیلەســـوفی فەرەنســی‌، دامەزرێنەری کوبیزم بو و کاریگەری لەســـەر قوتابخانەی پاریس هەبو. لەگەڵ مێتزینگەر بەهاوبەشی یەکەم نامەیان لەســـەر کوبیزم نوسی ســـاڵی ١٩١٢. گلیز ئەندامی دامەزرێنەری گروپی هونەرمەندان بو لە بەشی دی ئۆر( d'Or group of artists)، ئەندامی دێر ســـتورم(Der Sturm) بوە و ڕۆڵێکی مەزنی هەبو لە گەیاندنی هونەری مۆدێرن بە ئەمریکا. هەروەها ئەندامی کۆمەڵەی هونەرمەندانی ســـەربەخۆ بوە، دامەزرێنەری کۆمەڵەی ئێرنســـت-ڕێنان(Ernest-Renan) بوە، هەم دامەزرێنەر و هەم بەشداربوی ئابای دی کرێتێل(Abbaye de Créteil) بوە.

(9) لاڤرۆڤ (پیۆتر لاڤرۆڤیچ لاڤرۆڤ - Pyotr Lavrovich Lavrov)، لە ١٨٢٣/٦/١٤ لە ڕوســـیا لەدایک بوە و لە ١٩٠٠/١/٢٥لە فەرەنسـا کۆچی دوایی کردوە، فەیلەسـوفێکی سـۆسـیالیسـتی ڕوسی بوە و هزرە سـۆسـیۆلۆگییەکانی کاریگەری تیۆری هەبوە بەسـەر ڕێکخراوە شۆڕشگێڕە جیاوازەکانی ڕوسیا دا.

(10) لاڤرۆڤیســـتەکان ئاماژەیە بۆ لایەنگرانی هزرەکانی پیۆتر لاڤرۆڤ، (پیۆتر لاڤرۆڤیچ لاڤرۆڤ - Pyotr Lavrovich Lavrov)، کە لەسەرەوە ئاماژەی پێدراوە.

(11) مێتزینگەر (ژان دۆمینیک ئەنتۆنی مێتزینگەر - Jean Dominique Antony Metzinger)، لە ١٨٨٣/٦/٢٤ لەدایک بوە، لە ١٩٥٦/١١/٣ کۆچی دوایی کردوە. نیگارکێش، تیۆریست، نوسەر، ڕەخنەگر و شاعیری گەورەی سەدەی بیستەمی فەرەنسی بوە، لەگەڵ ئەلبێرت گلیز یەکەم بەرهەمی تیۆری لەســـەر کوبیزم نوســـیوە. بەرهەمە ســـەرەتاییەکانی لە ســـاڵی ١٩٠٠ تا ١٩٠٤ لە ژێر کاریگەری ئیمپرێشنیزمی نوێ(neo-Impressionism)ی جۆرج سیورات و هێنری ئێدمۆند کرۆس دابو.

(12) میخایلۆڤسکی (نیکۆلای کۆنستنتینیۆڤیچ میخایلۆڤسکی - Nikolay Konstantinovich Mikhaylovsky)، لە ١٨٤٢/١٠/٢٧ لەدایک بوە، لە ١٩٠٤/٢/١٠ کۆچی دوایی کردوە، ڕەخنەگری ئەدەبی، سۆسیۆلۆگیست، نوسەری کاروباری گشتی(public affairs) و یەکێک لە تیۆریستەکانی بزوتنەوەی نارۆدنیکی ڕوسی بوە.

(13) نارۆدنیک یان نارۆدنیکەکان(Narodniks) بریتیبو لەڕێکخراوێکی شـــۆڕشـــگێڕی ســـیاسی، لەدوای جەنگی قرم و بەتایبەت دوای نەمانی کۆیلایەتی زەوی لە (١٨٦١) دامەزرا بە ڕابەرایەتی سیاسەتمەدرای سۆسیالیست (هیرزن)، کەپێیوابو ئەوە جوتیارانن کە دەتوانن شـۆڕش هەڵبگیرسـێنن و داهاتوی ڕوسـیا دیاری بکەن، ئەم ڕێکخراوە بڕوای بە کاری تیرۆرکردن هەبو بۆ گەیشـتن بە سـۆسـیالیزم و ڕوخاندنی ڕوسیاسی قەیسەری، هەر لەسەر ئەو بنەمایە کۆمەڵێک ئەفسەر و کاربەدەستیان تیرۆر کرد و لە تیرۆرکردنی زۆر بەرپرسیش شکستیان هێنا، بەهۆی ناکۆکی ناوخۆیی کە بەشێکی ئەندامان لەوانە (پلێخانۆڤ) بڕوایان بەکاری تیرۆر نەبو، ڕێکخراوەکە لە کۆنگرەی (فۆرۆنیج) و لە (١٨٧٩)ەوە بو بە دو بەش، ئەوانەی لەگەڵ پلێخانۆڤ بون ڕێکخراوی (تشیرنیی بیریدیل)یان پێکهێنا و ئەوانەی تریش کە زۆرینەبون حیزبی (ویســـتی گەل)یان پێکهێنا و لەســـەر کاری تیرۆرکردن بەردەوام بون، بەنمونە توانیان لە (١٨٨١/٣/١) قەیســـەر ئەلیکساندەری دوەمی ڕوسیا تیرۆربکەن.